گوڤارا ئەکادیمی یا زانکویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١١ ژ.٤، ٢٠٢٢
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الايداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0.،
e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v11n4a1360

# بیرۆکەی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆبەکارهێنانی نهێنییە بازرگانییەکان

# (توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکارییە)

م.د. بژار عبدالله احمد، بەشی یاسا، زانکۆی سۆران، أقلیم کوردستان العراق

فرست رسول احمد ، بەشی یاسا، زانکۆی سۆران، أقلیم کوردستان العراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر بیرۆکەی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ بەکارهێنانی نهێنییە بازرگانییەکان. مۆڵەت پێدانی ناچاری مەبەست لێی بەکارهێنانی مافی هزری کەسێکە لە لایەن کەسێکی تر بەبێ رەزامەندی خاوەنەکەی بەرامبەر قەرەبوویەکی دادپەروەرانە بۆ خاوەنەکەی، بابەتی مۆڵەت پێدانی ناچاری یەکێکە لەو ریزپەر و نەرمیانەی کەوا ماددەی (٣١) لە ڕێکەوتننامەی تریپس لەژێر ناونیشانی (بەکارهێنانی تر بەبێ گەیشتن بە ڕەزامەندی خاوەنەکەی) باسی لێوەکردووە و ماددەی (27) لە یاسای دەستاوێژی داهێنان و نمونەی پیشەسازی و زانیاری ئاشکرانەکراوی عێراقی ڕێگایانداوە بە دەرکردنی لە دەستاوێژی داهێنان لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراو و بە ڕێکار و مەرجی دیاریکراو، بە پێچەوانەوە لە ڕێکەوتننامەی تریپس هیچ حاڵەتێکی یەکسان و هاوشێوە لە بواری نهێنییە بازرگانییەکان بوونی نییە بە ڕێگەپێدان یاخود ڕێگەپێنەدان بە دەرکردنی، بەڵکو ڕێکەوتننامەکە بێدەنگ بووە وە هیچ دەقێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی نەکردووە لەبارەیەوە ئەمەش زیاتر ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە بەجێی هێشتبێت بۆ یاسا نیشتیمانییەکان.بابەتی مۆڵەت پێدانی ناچاری لە چوارچێوەی نهێنییە بازرگانییەکان لەدوای سەرهەڵدانی پەتای کۆڤید-١٩ لە نێوان زانایان گفتوگۆی لەبارەوەکرا ئەوەش بەهۆکاری هەبوونی پێویستی زۆر بۆ پاراستنی خەڵک وە پێنەدانی زانیاریەکان بە یەکتری لە لایەن کۆمپانیاکان وە لە نەبوونی میکانزمێک لە پێناو ناچارکردنیان بە پێدانی زانیارییەکان بە مەبەستی تەواوکردنی ئەو هەوڵە زانستیانەی کەنرابوون لەپێناو گەشتن بە پێکوتە دژی پەتای کۆڤید-١٩ و رزگارکردنی مرۆڤایەتی و هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا باس لە بیرۆکەی مۆڵەت پێدانی ناچاری لە چوارچێوەی نهێنییە بازرگانییەکان دەکەین بە بەکارهێنانی میتۆدێکی شیکاری بەراوردکاری. توێژینەوەکە دەریدەخات کە هیچ ڕێگریەک نییە لە ڕێکەوتننامەکانی بواری خاوەنداریەتی هزری بۆ ڕێکخستنی ئەو بابەتە لە یاسا ناوخۆییەکان. هەروەها توێژینەکە گەیشت بەو دەرەنجامەی کە ئەوبابەتە پێویستە ڕێکخستنی یاسای تایبەتی بۆبکرێت کە گونجاوبێت لەگەڵ سروشتی نهێنییە بازرگانییەکان، بەوپێیەی ئەوبابەتە لە یاسای هیچ وڵاتێک ڕێکنەخراوە تەنیا ئەوە نەبێت کە دەکرێت لەو وڵاتانەی سیستەمی یاسای گشتین لە ڕێی حوکمی دادگایی ڕێگە بەو بابەتە بدەن، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە حاڵەتکانی کێبڕکێی نارەوا و دەستاوێژی داهێنانی پاشکۆیی لە ڕێی حوکمی دادگاییەوە مۆڵەت پێدانی ناچاری ڕێگەی پێدراوە.

## 1. پێشەکی

### 1.1 دەروازەی توێژینەوە

پاراستنی خاوەنداریەتی هزری بە یەکێک لە گرنگترین بوارە هەستیارەکان دادەندرێت، لەبەر ئەوەی پەیوەندیدارە بە ڕێکخستنی ئەو مافانەی کە هەڵقولاوی هزر و داهێنانی مرۆڤن، هەر لەبەر ئەوەشە تەواوی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و یاسای دەوڵەتان تایبەت بەم بوارە جەخت لە پاراستنی مافی خاوەنداریەتی هزری دەکەنەوە، بە هەردوو بەشی مافی خاوەنداریەتی هونەری و ئەدەبی، وە مافی خاوەنداریەتی پیشەسازی و بازرگانی.

نهێنییە بازرگانییەکان بەگشتی هەموو ئەو زانیارییە بازرگانییە نهێنیانەن کەوا سودێکی پێشبرکێیی بە کۆمپانیاکە دەبەخشن، وە سیستەمی پاراستنی نهێنییە بازرگانییەکان لایەنێکی گرنگی پاراستنی خاوەنداریەتی هزریە، ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە پێشکەوتنی سیاسەتی ئابوری دەوڵەت و گرنگترین شوێنەواری ئەو پاراستنە ئەوەیە خاوەنی نهێنی، پارێزگاری یاسایی هەیە لە نهێنییەکەی ڕێگە نادرێت کەسێکی تر بەبێ ڕەزامەندی خاوەنەکەی نهێنییەکە بەکاربێنێت، تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کەوا بەشێوەیەکی سەربەخۆ بگات بە نهێنییەکە لە چوارچێوەی کێبڕکێی ڕەوا دا. ئەو پارێزگارییە یاسایەی هەیە بۆ نهێنییە بازرگانییەکان لەبەرامبەر بەکارهێنانیەتی لە لایەن خاوەنەکەی، بەجۆرێک زۆربەی یاساکان خاوەنی نهێنییەکە ناچاردەکەن بە بەکارهێنانی ئەوەش لە پێناو هێنانەدی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندی خاوەنی نهێنی و بەرژەوەندی کۆمەڵگا.

دەتوانین مۆڵەت پێدان دابەش بکەین بۆ دوو جۆر مۆڵەت پێدانی ئارەزوومەندانە (Contractual License) وە مۆڵەت پێدانی ناچاری (Compulsory License)، مۆڵەت پێدانی ئارەزوومەندانە ئەو مۆڵەتەیە کە تیایدا مۆڵەتدەر مافی بەکارهێنان دەداتە مۆڵەت پێدراو بەپێی گرێبەستێک لە نێوانیان وە گرێبەستەکە دادەمەزرێت لەکاتی بەیەک گەشتن و یەک بوونی ویستی لایەنەکان، هەرچی مۆڵەت پێدانی ناچارییە وەرگرتنی مافی بەکارهێنانە لە خاوەنی نهێنییەکە بەزۆر بەرامبەر قەرەبووکردنەوەیەکی دادپەروەرانە کەوا لایەنی کارگێری تایبەتمەند یان دادگا دیاریدەکات.

بیرۆكەی مۆڵەت پێدانی ناچاری شتێكی نامۆ نییە لە رێسایە گشتییەكانی خاوەنداریەتی، هەروەک رێكەوتننامەی ترپس و بەشێک لە یاسای دەوڵەتانیش بەشێوەیەكی ریزپەڕ رێگا دەدەن بەدەركردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری لە بواری دەستاوێژی داهێنان و بوارەكانی تری خاوەنداریەتی هزری، بەڵام لە بواری نهێنییە بازرگانییەكان باسی لێوەنەكراوە بەشێوەیەكی راستەوخۆ بە رێگەپێدان یاخود رێگە پێنەدانی مۆڵەتی ناچاری لە چوارچێوەی نهێنییە بازرگانییەكان، ئەگەرچی رێگا دەدرێت بە ئاشكراكردنی ئەوزانیاری و نهێنیانەی پێشكەش بە لایەنی تایبەتمەند دەكرێن لە حاڵەتی پێویست بۆ پاراستنی خەڵک، سەرەڕای ئەوەش پرەنسیپە سەرەكیەكانی رێكەوتننامەی ترپس جەخت لە بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی كۆمەڵایەتی دەكانەوە، بەجۆرێک مۆڵەت پێدانی ناچاری بە ئامرازێكی گرنگ دادەندرێت بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی تەندروستی گشتی، وە هەروەها رووبەرووبوونەوەی بارودۆخە لە ناكاو و تەنگەتاوەكان و بلاوبونەوەی نەخۆشی و ڤایرۆسە كوشندەكان.

مۆڵەت پێدانی ناچاری لە دەستاوێژی داهێنان یەكێكە لەو رێسایە ریزپەر و نەرمانەی كە لە رێكەوتننامەی ترپس لە ماددەی (٣١) لە پێناو وەڵام دانەوەی بارودۆخە پێویستەكان رێگەی پێدراوە، ئەگەر چی لە چوارچێوەی نهێنییە بازرگانییەكاندا هیچ دەقێكی ئاشكرا نیە لە بارەی مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنییە بازرگانییەكان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوون و هاتنە كایەوەی بارودۆخی پێویست و ناچاری وەک پەتای كۆرۆنا (كۆڤید-١٩) بووە هۆكاری دروست بوونی مشتوومڕ لەم بارەیەوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە باس لە رێكخستنی یاسایی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ بەكارهێنانی نهێنییە بازرگانییەكان دەكات، هەر لە سەرەتای روونكردنەوەی تێگەی نهێنییە بازرگانییەكان تاكو دەگاتە كۆتایی هاتنی مۆڵەت پێدانی ناچاری لە نهێنییە بازرگانییەكان.

**2.1 گرنگی توێژینەوە**

گرنگی توێژینەوەكە خۆی دەبینێتەوە لە گرنگی نهێنییە بازرگانییەكان لە بازرگانی ناوخۆی و نێودەوڵەتیدا، كە مەبەستمان هەموو ئەو زانیارییە نهێنیانەن كەوا جیاوكێكی كێبڕكێی دەبەخشنە خاوەنەكەی بەوپێیەی ئەو نهێنیانە بەهایەكی ئابوریان هەیە.

لە لایەكی ترەوە گرنگی توێژینەوەكە خۆی دەبینێتەوە لە خستنەرووی هەڵوێستی رێكەوتننامەی ترپس و یاسای دەستاوێژی داهێنان و نمونەی پیشەسازی و زانیاری ئاشكرا نەكراوی عێراقی و یاسا بەراوردكاریەكان بۆ مۆڵەت پێدانی ناچاری بەكارهێنانی نهێنییە بازرگانییەكان. وە خستنەرووی ئەو كەم و كوریانەی لە یاسا نێودەوڵەتی و ناوخۆییەكان هەیە، بەو پێیە كەوا میكانیزمی بەردەست لە ئێستادا بریتیە لە مۆڵەت پێدانی ناچاری لە دەستاوێژی داهێنان كە ئەوەش بەتەنها بەس نییە لە زۆربەی حاڵەتەكاندا بەڵكو پێویستی تەواو هەیە بۆ رێگەپێدان و رێكخستنی مۆڵەت پێدانی ناچاری لە چوارچێوەی نهێنییە بازرگانییەكان، بەجۆرێک گرنگی ئەم توێژینەوەیە كۆتایی دێت بەوەی كە ئەم توێژینەوەیە دەكرێت ببێتە دەستپێک و دەرگایەک بۆ رێكخستنی مۆڵەت پێدانی ناچاری لە چوارچێوەی نهێنییە بازرگانییەكان.

**3.1 كێشەی توێژینەوە**

كێشەی توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لە رێكنەخستنی مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنییە بازرگانییەكان بە شێوەیەكی روون و گونجاو لە رێكەوتننامەی ترپس و یاسای عێراقی و یاسا بەراوردكاریەكاندا، وە هەبوونی پێویستی زۆر بۆ رێگەدان بە دەركردنی مۆڵەتی ناچاری لە پێناو پاراستنی خەڵک و هێنانەدی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندی كۆمپانیاكان و بەرژەوەندی كۆمەڵگا.

وەهەروەها كێشەی توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لە نەبوونی میكانیزمی دروستكردنی پاڵە پەستۆ لەسەر خاوەنی نهێنییە بازرگانییەكان لە كاتی بەكارنەهێنانی نهێنی یاخود بەكارهێنانی پێچەوانەی كێبركێی رەوا یاخود بەكارنەهێنانی وەک ئامرازێک بۆ خزمەت بەرژەوەندیەكانی كۆمەڵگا، بەجۆرێک مۆڵەت نەدان بەشێوەیەكی ئارەزوومەندانە لە لایەن خاوەنەكەی دەبێتە هۆی زەرەرمەندبوونی كۆمەڵگا، بۆیە مۆڵەت پێدانی ناچاری دەكرێت ئامرازێكی كاریگەربێت لە پێناو بەكارهێنانی نهێنییەكە وە گەیشتنی سود بە خاوەنەكەی و كۆمەڵگا، كەچی تاوەكو ئێستا بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ لە هیچ رێكەوتننامە و یاسایەكی پەیوەندیدار بە خاوەنداریەتی هزری دەق لەسەر نەكراوە و رێكخستنی یاسای بۆ نەكراوە، ئەمەش وای كردووە هەڵوێستەكان بە ناروونی بمێننەوە لە بارەی رێگەپێدان یاخود رێگەپێنەدانی مۆڵەت پێدانی ناچاری لە نهێنییە بازرگانییەكان.

**4.1 پرسیاری توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە ئامادەكراوە بە مەبەستی وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

- بیرۆکەی وروژاندنی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ نهێنییە بازرگانییەکان بۆچی دەگەڕێتەوە؟.
- سیستەمی ئێستای خاوەندارێتی هزری تاچ ڕادەیەک گونجاوە بۆ دەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری لە نهێنییە بازرگانییەکان؟.
- ئایە مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆنهێنییە بازرگانییەکان گونجاوە لەگەڵ ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و یاسایەکانی پەیوەندیدار بە خاوەندارێتی هزری؟.
- بنەمای یاسای بۆ مۆڵەت پێدانی ناچاری لە نهێنییە بازرگانییەکاندا چیە؟.
- هۆکارە پاڵنەرەکانبۆ دەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری لە نهێنییە بازرگانییەکاندا چین؟.

**5.1 میتۆدی توێژینەوە**

لە پێناو وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و چارەسەرکردنی کێشەی توێژینەوە و گەشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری بەراوردکاری بەکارهاتووە بە مەبەستی شیکردنەوە و بەراوردکردنی یاسای وڵاتان و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیە بەکارهاتوەکان سەبارەت بە مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنییە بازرگانییەکان. دەرەنجامی بەراوردکاریەکە بەکاردێت بە مەبەستی پێشنیار کردنی چارەسەرێکی گونجاو بۆ بابەتی تتوێژینەوەکە. میتۆدی شیکاری بەراورکاری بووەتە بژاردەیەکی باو بۆ نووسینی ماستەرنامە و دکتۆرانامەکان بە تایبەتی لە لایەن ئەو قوتابیانەی کە دەیانەوێت کەیسی دادگا، دەقی یاسایی و توێژینەوەی ئەکادیمی بەکار بهێنن. میتۆدی شیکاری بەراوردکاری یارمەتی توێژەران دەدات کە شارەزایی پەیدا بکەن لەەر سیستەمە یاساییە جۆراوجۆرەکان. بەڵام بۆ ئەوەی میتۆدی شیکاری بەراوردکاری کاریگەر بێت، پێویستە ژمارەیەکی دیاریکراو لە سیستەمی یاسایی بەراورد بکرێن و جیاوازیەکان تیایاندا بەدی بکرێت و سود لە ئەزموون و دەقە جیاوازەکان وەربگیرێت.

**6.1 چوارچێوەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر یاسای وڵاتەکانی عێراق و ئەمریکا لەگەڵ ڕێکەوتنامەی تریپس بە شێوەیەکی سەرەکی بە مەبەستی بەراوردکردن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بە هەندێک یاسای تر دەکرێت لە حاڵەتی پێویست دا. هەروەها سەرەڕای ئەوەی ئەم توێژینەوە تایبەتە بە مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ بەکارهێنانی نهێنییە بازرگانییەکان بەهێنانەوەی پەتای کۆرۆنا(کۆڤید-١٩)بەنموونە، بەڵام لە حاڵەتی پێویست پشت دەبەسترێت بە بنەماکانی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ بەکارهێنانی دەستاوێژی داهێنان، چونکە بنەما و ئەساسەکانی بەکارهێنیان تاڕادەیەکی زۆر لەیەک دەچێت و مەبەستمانە تەوزیفی مۆڵەت پێدانی ناچاری کە بۆ بەکارهێنانی دەستاوێژی داهێنان ڕێکخراوە بۆ بەکارهێنانی نهێنی بازرگانیش بکەین.

**7.1 پلانی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە ئامادەکراوە لەژێر ناونیشانی(**بیرۆکەی مۆڵەت پێدانی ناچاری لە چوارچێوەی نهێنییە بازرگانییەکاندا**)، وە سروشتی توێژینەوەکە وای خواست کەوا توێژینەوەکە دابەش بکرێت بەسەر دوو چاپتەردا کە بە پێشەکیەک دەست پێدەکات، لە چاپتەری یەکەمدا بیرۆکەی وروژاندنی مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنییە بازرگانییەکان خراوەتەروو لە چوارچێوەی دوو بەشی سەرەکی دا، پاشان لە چاپتەری دووەمدا باس لە هۆکارە پاڵنەرەکان بۆ دەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنییە بازرگانییەکان خستنەرووی بۆ کراوە، ئینجا توێژینەوە کۆتایی دێت بە کۆتاییەک بۆ خستنەرووی گرنگترین دەرئەنجامەکان و پێشکەش کردنی چەند پیشنیارێک.

**2. بیرۆکەی وروژاندنیمۆڵەت پێدانی ناچاری لە نهێنییە بازرگانییەکان**

بیرۆکەی مۆڵەت پێدانی ناچاری بەرامبەرە بە پابەندی خاوەنی مافی خاوەندارێتی هزری بە بەکارهێنانی مافەکەی، لە سەرەتادا سزای نەمانی ماف هەبوو بەرامبەر بەکارنەهێنانی ماف لە لایەن خاوەنەکەی، بەڵام دواتر گۆڕا بۆ مۆڵەت پێدانی ناچاری کە مافە هزریەکە هەر بەناوی خاوەنەکەی دەمێنێ بەڵام مافی بەکارهێنانی بەزۆر لێوەردەگیرێت بۆ کەسێکی تر(سمیةوحمو، ٢٠٢٠، لاپەرە ١٨).

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆیدا پاراستنی بەهێز هەیە بۆ مافەکانی هزری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک حاڵەت و باری پێویست دا نەرمی هەیە لە ڕێسا و یاساکانی پەیوەندیداربە خاوەندارێتی هزری،( Medicines Law & Policy) مۆڵەت پێدانی ناچاری لە دەستاوێژی داهێنان یەکێکە لەو ڕێسایە ڕیزپەر و نەرمیانە لە ڕێکەوتننامەی تریپس لە ماددەی (٣١) ڕێگەی پێدراوە لە پێناو وەڵام دانەوەی بارودۆخە پێویستەکان، وە بەهەمان شێوە لە ڕاگەیاندنی دەوحە سالی ٢٠٠١ تایبەت بە ڕێکەوتننامەی تریپس و تەندروستی گشتی جەختی لەوە کردۆتەوە کەوا پێدانی مۆڵەتی ناچاری یەکێکە لەو نەرمیانەی ڕێگەی

پێدراوە بەپێی ڕێکەوتننامەی تریپس، بە جۆرێک ماف دەداتە دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی بە پەنابردن بۆی و ڕێگە پێدانی هەرکاتێک پێویستیکرد(یحي، ٢٠٢٠،لاپەرە ١٧١).

ئەگەر چی لە چوارچێوەی نهێنییە بازرگانییەکاندا هیچ دەقێکی ئاشکرا نیە لە بارەی مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنییە بازرگانییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوون و هاتنە کایەوەی بارودۆخی پێویست و ناچاری وەک پەتای کۆڤید-١٩ بووە هۆکاری دروست بوونی مشتوومر لە بارەیەوە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە مۆڵەت پێدانی ناچاری لە نهێنیە بازرگانییەکان تا چەند گونجاوە لەگەڵ ڕێکەوتننامە و یاساکانی خاوەندارێەتی هزری؟، بە مانایەکی تر سیستەمی ئێستای خاوەندارێەتی هزری تاچ ڕادەیەک گونجاوە بۆ دەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری لە نهێنییە بازرگانییەکان؟، بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە سەرەتا باس لە پەتای کۆڤید-١٩ دەکەین وەک فاکتەری سەرەکی سەرهەڵدانی بیرۆکەی مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنیە بازرگانییەکان، پاشان باس لە بنەمای یاسای مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنیە بازرگانییەکان دەکەین.

### 1.2 کۆڤید-١٩ وەک فاکتەری سەرەکی سەرهەڵدانی بیرۆکەکە

لە کاتێکدا کە پەتای کۆڤید ١٩ کێشەی گەیشتن بە پێکوتەکانی هێنایە بەرباس بەهۆی درێژی ماوەی پەتایەکە، وە دانپێدانان لە ئاستی نێودەوڵەتی بەوەی دەستگەشتن بە پێکوتە لە دەوڵەتانی داهات کەم و مامناوەند زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کەوا داهاتیان بەرزە، بۆ چارەسەرکردنی ئەمە گەشتن بەو زانیارییە پیشەسازیانەی لە ئامادەکردنی پێکوتە بەکاردەهاتن کە پارێزراوبوون بە نهێنی بازرگانی کەوا کۆمپانیاکانی داودەرمان خاوەنیان پێویست بوو.( WTO, WIPO, WHO، ٢٠١٢) بۆیە دوای ئەوەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڤایرۆسی (کۆڤید-١٩) وەک پەتا ناساند، وە بەهەمان شێوە بەشێکی زۆر لە دەوڵەتان وە ژاپۆن و ئیتالیا و فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باری تەنگەتاوی تەندروستیان ڕاگەیاند،(یحي، ٢٠٢٠،لاپەرە١٦٧)وە ئەوەش روون بووەوە کە ئەوە قەیرانێکی تەندروستیە ئەوەش وادەکات نەرمی بدات بە دەوڵەتانی ئەندام لە ڕووبەڕوو بونەوەی ئەم قەیرانە(٢٠٢٠، OECD) بۆیە هەوڵە نێودەوڵەتیەکان لە چوارچێوەی هەماهەنگی نێودەوڵەتیدا زیادیانکرد ئەمەش لە پێناو گەشتن خێرا بە پێکوتەکان دژی ئەو پەتایە،( نورالدين و عقيلة، ٢٠٢٠، ٣٨٤-٣٨٥).

بە درێژایی ئەو پێشکەوتنانەی دەربارەی کۆڤید ١٩ بەدیهاتن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە مانگی ئایاری ٢٠٢٠دا داوای لە کۆمەڵگای جیهانی کرد کاربکەن بەیەکەوە بەتایبەتیش کۆمپانیاکانی دەرمانسازی بە جۆرێک خۆبەخشانە ئاڵوگۆری زانیاری و داتاکانی پێویست بۆ تێکشکاندنی کۆڤید ١٩ بکەن.(Gurgula and Hull، ٢٠٢١، page 3)هەر چۆنێک بێت کۆمپانیاکانی دەرمان لە سەرەتادا هیچ بەدەنگوەچوونێکیان نەبوو وە ئامادە نەبوون تەکنیکەکانی پێکوتەکانیان لەگەل ئەو دەست پێشخەریە و دەست پێشخەریەکانی تری هاوشێوەی هاوبەش بکەن، پاشان لە لایەن کۆمەڵێک دەوڵەت و ڕێکخراو لە مانگی ئایاری ٢٠٢١ پێشنیاری پێداچوونەوە درا بە ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی تێیدا داواکرا کە واز لە هەندێک لە بەند و ئەحکامەکانی ڕێکەوتنامەی لایەنی بازرگانی پەیوەندیدار بە مافەکانی خاوەندارێەتی هزری (تریپس) بهێنێت بۆ چارەسەرکردن و روبەڕووبەنەوەی (کۆڤید ١٩) لە ناویاندا بەندەکانی پەیوەندیدار بە دەستاوێژی داهێنان و زانیاری ئاشکرا نەکراو(نهێنیە بازرگانییەکان) لەسەر پێکوتەکان و تەکنیکەکانی پەیوەندیدار بە تەندروستی،(شكرين و بوجطو، ٢٠٢١، لاپەرە ١٠٩)وە پێشنیارکرا ئەو وازهێنان و سازش کردنە لە بەندەکانی خاوەندارێەتی هزری بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی (٣) ساڵ بێت لەبەرواری داواکردنەوە، وە ئەم داواکردنە هێزی زیاتری پێدرا بە پاڵپشتی ئیدارەی بایدن لە ویلایەتە یککگرتووەکانی ئەمریکا (ئەگەر چی ئەوە تەنها بۆ پێکوتەکانی کۆڤید-١٩ بوو)، وە لەسەر ئاستی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی ئەگەر بێتوو ڕێکەوتن بکرێت لەسەر سازش کردن لەو بەندانەی ئاماژەمان پێیاندا ئەوە ئەندامان لە ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی ناتوانن سکاڵا لە ئەندامێکی تری ڕێکخراوەکە بکەن بەهۆی پابەند نەبوون بە ڕێکەوتنامەی تریپس لە کاتی تنازولکردن لە مافەکانی خاوەندارێەتی هزری لە ئاستی نیشتیمانی، بە جۆرێک لە ماوەی سازش کردنەکە لە خاوەندارێەتی هزری سازش کردن لە بەرهەمەکانی پارێزراو بە خاوەندارێەتی هزری وە ئەو چالاکیانەی تر کەوا دەکەونە چوارچێوەی مافی تایبەتی خاوەندارێەتی هزری خاوەنەکە بەبێ مۆڵەتی خاوەنەکەی بە پێشێلکردنی مافی خاوەندارێەتی هزری دانانرێت.(Gurgula and Hull، ٢٠٢١، page 3) لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە ئەندامانی ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی لە نێویاندا ژاپۆن و کۆریای باشور و شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا یەکێتی ئەوروپا دژایەتی ئەم لادانە دەکەن لە ڕێکەوتننامەی تریپس، وە بۆجونیان وابوو ئەو

نەرمییەی ئێستا لە ڕێکەوتننامەکە کە مۆڵەت پێدانی ناچارییە بۆ دەستاوێژی داهێنان بەسە و دەکرێت بەکاربهێندرێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو لە کەم دانەی ڕوو دەدات لە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە خاوەندارێەتی هزری پەیوەست بە پێکوتەکان، سەرەنجام ئەم بابەتە مشتومڕێکی گەرمی بەدوای خۆیدا هێنا کە کام میکانیزم گونجاو ترە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو پەتایە و گەشتن بە چارەسەری و رزگارکرنی جیهان لە مەترسیەکانی، ئەگەرچی هەریەک لەم میکانیزمانەی ئاماژەمان پێدان کاریگەری باشیان هەیە بەڵام ئەو میکانیزمانە کەموکوڕی گەورەیان تێدایە چونکە پێکوتەکان ماددەی بایۆلۆجی ئاڵۆزن و دروستکردنیان قورسە بەهۆی پێکهاتەکانی و پێویستیەکانی تایبەتی، وە ئاڵۆزی پرۆسەکان، وە زانیاری تایبەت و شارەزای پێویست و نهێنی بوونیان، بۆیە پێویستی بە میکانیزمی تەواوکاری تر هەیە کە مۆڵەت پێدانی ناچاریە لە نهێنییە بازرگانییەکان، هەروەها بەشێک لە زانایان ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە بەشێکی زۆری توێژینەوەکانی پێکوتەی کۆڤید-١٩ بە پارە و سامانی گشتی ئەنجام دەدرێن لەسەر ئەو بنەمایە داوایانکرد کە مۆڵەت پێدانی ناچاری نەک تەنها دەستاوێژی داهێنان بەڵکو نهێنییە بازرگانیەکانیش بگرێتەوە لە گەڵیدا، وە بەشێکی تر لە زانایان وتیان نهێنی بازرگانی پیرۆز نییە لەسەر ئەو بنەمایەش داوای ئاشکراکردن و مۆڵەت پێدانی ناچاری تێیدا دەکەن لە پێناو بەرژەوەندی گشتی.(Levine ، ٢٠٢٠)

لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێت کە ئایە تا چ ڕادەیەک سیستەمی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بە خاوەندارێەتی هزری گونجاوە لەگەڵ سەردەمی ئێستادا؟، وە ئەگەر بێتوو گریمانەی ئەوەبکەین کەوا نهێنیە بازرگانییەکان هاوبەش بکرێن ئەوا پرسیارێک سەر هەڵدەدات کەوا چۆن هاوبەشکردنی نهێنیە بازرگانییەکان یان مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنیە بازرگانییەکان جێبەجێ بکرێت؟، بەو مانایەی چۆن مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ بەکارهێنانی نهێنی بازرگانی جێبەجێ بکرێت بە ڕێگاو شێوازێک کە هاوسەنگی بکات لە نێوان پێویستیەکانی خەڵک و بەرژەوەندی گشتی لەگەڵ دادپەروەری بۆ خاوەن مافی نهێنی بازرگانی کەوا مافەکەی لەژێر دەستی مۆڵەت پێدراو(لایەنی سێیەم)دا دەبێت؟

بەو پێیەی کەوا میکانیزمی ئێستای مۆڵەت پێدانی ناچاری دەستاوێژی داهێنان بەتەنها بەس نییە بۆ سود وەرگرن لە مۆڵەت پێدانی ناچاری تەکنۆلۆژیای زۆرێک لە بوارەکان، بە تایبەت بواری پەیوەندیدار بە تەندروستی گشتی وەک بەرهەم هێنانی پێکوتەی (کۆڤید-١٩) بە نمونە لەبەر ئەوەی پێکوتەکان و زۆرێکی تر لە بوارەکان پارێزراون بەگشتی نەک تەنها بە دەستاوێژی داهێنان بەڵکو لە چوارچێوەی نهێنی بازرگانیشدا پارێزراون کەوا میکانیزمی مۆڵەت پێدانی ناچاری تێیدا بەردەست نییە تاوەکو ئێستا.(Sariola، ٢٠٢١) و (McMahon، ٢٠٢٠)بۆیە لە پێناو سود وەرگرتن لە سیستەمی مۆڵەت پێدانی ناچاری پێویستە لەسەر دەوڵەتان کە مۆڵەت پێدانی ناچاری دوولایەنە دەربکەن کەوا بەتەنها دەستاوێژی داهێنان نەگرێتەوە بەڵکو نهێنی بازرگانی پەیوەندیداریش بگرێتەوە، لەبەر ئەوە دەگوترێت مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ بەکارهێنانی نهێنیە بازرگانییەکان پێویستە لە یاساکانی خاوەندارێەتی هزری نێو نەتەوەی و نێودەوڵەتی جێبەجێ بکرێت بۆ تەواوکردنی میکانزمی ئێستای مۆڵەت پێدانی ناچاری دەستاوێژی داهێنان، وە ئەو میکانیزمە مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ نهێنیە بازرگانییەکان بەجۆرێکە کەوا لەگەڵ یاساکانی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بە نهێنیە بازرگانییەکان یەکە و یەکانگیرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە کۆمەڵێک ڕەگەز لە مۆڵەتدانەکە بوونیان هەبێت بەجۆرێک بێت کەوا سروشتی نهێنیە بازرگانییەکان ڕەچاوکرابێت لەکاتی دەرکردن و پێدانی مۆڵەتی ناچاری.( Gurgula and Hull، ٢٠٢١، page ٦-7)

سەرباری ئەوەی مۆڵەت پێدانی ناچاری ئامرازێکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی حاڵەتی لە ناکاوی پێویست و هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی، بەڵام ئەو میکانیزمە کاریگەری ئەوتۆی نابێت ئەگەر بێتو لایەنی مۆڵەت پێدراوەکە توانا و لێهاتووی تەواوی نەبێت بۆ بەکارهێنانی زانیاری و نهێنیەکان ئەمەش وادەکات دەوڵەتانی گەشەسەندوو وەک پێویست سودمەند نەبن لەو سیستەمە بەراورد بە دەوڵەتانی پیشکەوتوو،( عبدالرحمن، ٢٠١٥، لاپەرە ١٥٢-١٥٣ )سەرەڕای ئەوەش هۆکاری سود وەرنەگرتنی دەوڵەتانی گەشەسەندوو لەو سیستەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سیستەمی مۆڵەت پێدانی ناچاری پێویستی بە ژێرخانی ئابوری و کارگێری و یاسایی هەیە لەکاتێکدا زۆربەی ئەو دەوڵەتانە نیانە، وە لە لایەکی تریشەوە ترسی دەوڵەتە گەشەسەندووەکان لە سزای ئابوری بۆسەریان بە هەرەشەی ڕێکەوتنی دوو لایەنە یان چەند لایەنە.( لعامر و بوهنتالة، ٢٠٢٠)

بەو پێیەی میکانیزمی مۆڵەت پێدانی ناچاری بەردەست لە ئێستادا بریتییە لە مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ دەستاوێژی داهێنان بەڵام ئەم میکانیزمە بە تەنها ڕەنگ بێت بەسود بێت بۆ باشترکردن و گەیشتن بە بەرژەوەندی گشتی و

پاراستنی خەڵک لە گەیشتن بە هەندێک داو دەرمانی کەم، بەڵام ئەو میکانیزمە بە تەنها کاریگەری نابێت دەربارەی ئەوەی پەیوەندیدارە بە ماددەی بایۆلۆجی ئالۆزی وەک پێکوتە لەبەر ئەوەی پیشەسازی تایبەت پێی و ئامادەکردنی پارێزراوە بە نهێنی بازرگانی کەوا پێویستی بە زانینی کرداری پیشەسازی دیاریکراو دەکات،(McMahon، ٢٠٢٠) وە زانیاری دەربارەی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی چارەسەر و ماددەی بایۆلۆجی ئالۆزە بۆیە مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ دەستاوێژی داهێنان بەتەنها بەس نیە، وە هیچ پابەندیەک نیە بۆ خاوەنی دەستاوێژی داهێنان بە ئاشکراکردن و پێدانی هیچ زانیارییەکی زیاتر لە چوارچێوەی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ دەستاوێژی داهێنان، وە لەگەڵ ئەوەشدا هیچ پرۆسەیەکی یەکسان بوونی نییە لە یاسای خاوەنداریەتی هزری بۆ مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنیە بازرگانییەکان هاوشێوەی پرۆسەی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ دەستاوێژی داهێنان، وە هیچ رێگریەکی راستەوخۆ و ئاشکراش بوونی نیە لە پێدانی مۆڵەتی ناچاری بۆ نهێنیە بازرگانییەکان.(Ren ، ٢٠٢٠)

### 2.2 بنەمای یاسایی رێکخستنی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ نهێنیە بازرگانییەکان

بە پێی ماددەی ٣٩ بڕگەی ٢ لە رێککەوتنامەی تریپس، ئەو زانیاریانەی کە نهێنین و بەهای بازرگانیان هەیە پێویستە بپارێزرێن، چونکە نهێنین و هەنگاوی پێویست نراوە لە لایەن خاوەنەکانیەوە بۆ ئەوەی بپارێزرێن. رێککەوتننامەکە داوا ناکات کە زانیاریە شاراوەکان مامەڵەی جۆرێک لە مولکیەیان لەگەڵ بکرێت، بەڵام داوا دەکات کە ئەو کەسەی بە پێی یاسا کۆنترۆڵی زانیاریەکەی کردووە هەلی ئەوەی پێ بدرێت کە رێگری بکات لە کەسانی تر ئەو زانیاریانە ئاشکرا بکات بە بێ مۆڵەتی خۆی. بە شێوەیەک کە پێچەوانەی پراکتیزی بازرگانی راستەقینە بێت، وەکو شکاندنی گرێبەست، شکاندنی متمانە، وە بەدەستهێنانی ئەو زانیاریانە لە لایەن کەسی سێیەم کە زانیاریەکانی لایە.(WTO)

هەروەها لە بڕگەی (٣) ماددەی (٣٩) دا هاتووە کە ئەو داتایانەی پێشکەش بە حکومەت کراون بەمەبەستی پێدانی رەزامەندی بەبازاڕ کردنی بەرهەمێکی دەرمانسازی یان بەرهەمێکی کیمیایی کشتوکاڵی کە ماددەی کیمیایی نوێی تێدا بەکارهاتووە، پێویستە بپارێزرێن دژی بەکارهێنانی بازرگانی ناڕەوا تەنها ئەگەر لەبەرژەوەندی گشت بیت، یان هەنگاوی پێویست نەنرابێت بۆ پاراستنی دەکرێت نەپارێزرێت.

ئەگەر بێت و تەماشای ئەو ماددەیەی سەرەوە بکەین دەبینین کە تەنها ئاشکاکردن و بەکارهێنانی نهێنیە بازرگانییەکانی بواری داتای دەرمانسازی و ماددەی کشتوکاڵی تەنها لە دوو حاڵەت رێگە پێدراوە: یەکەمیان، ئەگەر هاتوو لەبەرژەوەندی گشتی بوو. دووەمیان ئەگەر هاتوو خاوەنەکەی هەنگاوی پێویستی نەنابوو بۆ پاراستنی. وە هەروەها لە حاڵەتێکی تر دەکرێت هەر جۆرێکی نهێنی بازرگانی بەکار بهێنرێت، ئەگەر هاتوو خاوەنەکەی بە رەزامەندی مۆڵەتی بەکارهێنانی دایە بەکارهێنەر.

لێرەشدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو ریزپەڕانەی لە رێککەوتننامەکە کراون روون نین، چونکە وشەی پاراستنی خەڵک بەکارهاتووە. ئایا ئەمە چۆن لێکدانەوەی بۆ دەکرێت؟ لەوانەیە لە وڵاتێک بۆ وڵاتیکی تر بگۆڕێت. وە ئایا ئەگەر ئاشکرا کردنی زانیاریەکە لەپێناو پاراستنی خەڵک بوو خاوەنەکەی لە بەرامبەر دا چ پاداشتێکی پێ دەدرێت؟

ئەگەر وردبینەوە لە بڕگەی (٣) ی ماددەی (٣٩) دەتوانرێت بوترێت کە حاڵەتی یەکەمیان رێگە پێدانی ئاشکراکردنی نهێنی بازرگانیە لە حاڵەتی پێویست بۆ پاراستنی خەڵک بەومانایەی ئەگەر لە بەرژەوەندی گشتی بێت جۆرێکە لە مۆڵەت پێدانی ناچاری، بەڵام بە بێ ئەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانەکە روون بکرێتەوە.بۆیە زۆر گرنگە بۆئەوەی بە ئاسانی لە حاڵەتی پێویست ئەم کۆمپانیایانە ناچار بکرێن بە ئاشکرا کردنی ئەم نهێنیانە، مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ نهێنیە بازرگانییەکان بە یاسا رێکبخرێت.

لە دوای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا حاڵەتی وا هاتە پێش کە گرنگی بوونی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ نهێنیە بازرگانییەکان سەلماند. بۆ نموونە لە وڵاتی هۆڵەندا لە کۆتاییەکانی مانگی ٣-٢٠٢٠ بینرا کە رێژەی پشکنینی کۆرۆنا زۆر کەمە لە نێوان دانیشتوانی هۆڵەندا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە تاقیگاکان ئامرازی پێویستیان لەبەردەست نەبوو بۆ ئەنجامدانی پشکنینی کۆرۆنا لە نێویاندا شلەی پشکنین کە پێی دەوترێت (lysis buffer)، گرووپی داو و دەرمانی رۆکی (Roche) کە رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە بازاڕی هۆڵەندا، توانای نەبوو کە شلەی پێویست دابین بکات و پێداویستیەکان پڕبکاتەوە.(Vermeij، ٢٠٢٠)

ئەو شلەمەنییە نهێنی بازرگانی بوو تەنها خودی کۆمپانیاکە دەیزانی و ئامادە نەبوو ئاشکرای بکات لە سەرەتادا. کێشەکە لەوەدا بوو کە لەبەرئەوەی کۆمپانیاکە داوای وەرگرتنی دەستاوێژی داهێنانی بۆ شلەمەنیەکە نەکردبوو و هەر بە نهێنی

بازرگانی مابوویەوە، بۆیە نەدەتوانرا لەژێر مۆڵەت پێدانی ناچاری دەستاوێژی داهێنان ناچار بکرێت بە پێدانی مۆڵەت بە کۆمپانیاکانی تر. هەرچەندە لەژێر پەستانی حکومەتی هۆڵەندا و کۆمسیۆنی ئەوروپا کۆمپانیاکە نهێنیەکە ئاشکرا کرد، بەڵام پرسسیارەکە ئەوەیە چی دەبوو ئەگەر کۆمپانیاکە ئامادە نەبوایە بە ئاشکرا کردنی نهێنیەکە؟(Vermeij، ٢٠٢٠، لاپەرە٤)بۆیە بوون و ڕێکخستنی مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنیە بازرگانییەکان پێویستیەکی گرنگە.

بە نمونە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی پەتایەکی جیهانی وەک کۆڤید-١٩ لە یاسای خاوەندارێتی هزری نێودەوڵەتی هیچ بەندێک ڕاستەخۆ نییە کە خاوەنی دەستاوێژ ناچاربکات بەپێی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ دەستاوێژ بە ئاشکراکردن و پێدانی زانیاریە نهێنیە بازرگانییەکان،(جرجس، ٢٠١٦، لاپەرە ٢٦٣)کەچی بەبێ ئاشکراکردن و مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ ئەو زانیاری و نهێنیانە ناتوانرێت مەبەستی مۆڵەت پێدانی ناچاری بەدی بهێندرێت، بۆیە لە ئێستادا پێویستی زۆر هەیە بۆ بەرەو پێشبردنی ئەومیکانیزمە بۆ تەواوکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری دەستاوێژی داهێنان و گەشتن بە مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنیە بازرگانییەکان کەوا زنیاری و تەکنیکە نهێنیەکان دەپارێزن.(Ren ، ٢٠٢٠)

ئەگەر سەیری پرەنسیپە سەرەکیەکانی ڕێکەوتننامەی تریپس بکەین دەبینین کاتێک پابەندی دەوڵەتانی ئەندام دەکات بە جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە، لەهەمان کاتدا لە ماددەی (١)ی ڕێکەوتننامەکە ئازادی دەداتە دەوڵەتانی ئەندام لە دیاریکردنی ڕێگای گونجاو بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە لە چوارچوەی سیستەمە یاسایەکانیاندا، وە پالپشت بە ئامانج و پرەنسیپەکانی ڕێکەوتننامەکە کە جەخت لە هاوسەنگی ماف و ئەرکەکان دەکاتەوە، بە جۆرێک لە ماددەی (٧) لە ڕێکەوتننامەکە باس لەوە دەکات کەوا پاراستن و جێبەجێ بوونی خاوەندارێتی هزری لە هاندانی گیانی داهێنان بە جۆرێک بێت کەوا بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان خاوەن ماف و بەکارهێنەران بپارێزێت، وە بە شێوازێک بێت کەوا ببێتە هۆی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و رەفاهیەتی کۆمەڵایەتی و ئابوری، وە یەکسانی لە ماف و ئەرکەکان. کە ئەوەش دەکرێت بەرجەستە ببێت لە ڕێگای مۆڵەت پێدانی ناچاری، وە لە ماددەی (٨) لە ڕێکەوتننامەکە جەخت لە ئازادی دەوڵەتان دەکاتەوە لە هەموارکردنییاسا و ڕێساکانیان، لە گرتنەبەری ڕێوشوێنیان بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی و خۆراک و خزمەتی بەرژەوەندی گشتی لەو کەرتانەداکەوا گرنگیان هەیە لە زیندوو هێشتنەوەی گەشەسەندنی ئابووری کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆجیای، وە ئازادی داوەتە دەوڵەتان لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بەمەرجێک بگونجێن لەگەڵ بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە، بۆ ڕێگریکرد لە هەڵگرانی مافەکانی خاوەندارێتی هزری لە خراپ بەکارهێنانی یاخود ڕێگە گرتن لە بەکارهێنانی کەدەبێتە هۆی سنورداركردنی نەگونجاوی بازرگانی.(عبدالرحمن، ٢٠١٤، لاپەرە ١٢٤-١٢٥)وە برگەی (٦) لە ڕاگەیاندنی دەوحە دوپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ژیان لە قازانجەکان پەسەندترە،(جرجس، ٢٠١٦، لاپەرە ٢٦٥) بەڵام بەهۆی نەبوونی میکانیزمی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ نهێنیە بازرگانییەکان وای کردووە زۆرێک لە کۆمپانیایەکان بە تایبەتی کۆمپانیاکانی دەرمانسازی بە ئامانجی خۆپاراستن لە ملکەچی بۆ مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ دەستاوێژی داهێنا پشت ببەستن بە نهێنیە بازرگانییەکان، ئەمە وای کرد هەندێک لە نوسەران و یاسا ناسان بڵێن نهێنی بازرگانی دەکرێت دابنرێت بە یەکێک لە بەهێزترین چەکەکان دژی خەڵک.(Levine، ٢٠٢٠)

ئەوەی پەیوەندارە بە هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی لەیاسای دەستاوێژی داهێنان ونمونوی پیشەسازی و زانیاری ئاشکرانەکراو لە بابی دووەم (مکرر ٢) لە ماددەی (١) باس لەوە دەکات کەوا کەسایەتیە سروشتی و معنویەکان مافی گلدانەوەی زانیاریەکانیان هەیە بە شێوەیەکی یاسایی لە چوارچێوەی دەسەڵاتیان و ئاشکرا نەکردنیان و بەکار نەهێنانیان لە لایەن کەسانی تر بەبێ رەزامەندی خاوەنەکەی بەرێگایەک پێچەوانەی داب و نەریتی بازرگانی باو نەبێت.

وە لە ماددەی ٢ هەمان یاسا یاسادانەری عێراقی جەخت لەوە دەکاتەوە نهێنی و زانیاریەکان کە لە دەرئەنجامی هەوڵی زۆر خاوەنەکەی پێی گەشتووە لەکاتی پێشکەش کردنیان بۆ وەزیری تایبەتمەند بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی بە بازارکردنی بەرهەمە دەرمانیەکان یان ماددەیی کیمیایی کەوا مەوادی کیمیایی نوێی تێدایە پێویستە لەسەر وەزیر پارێزگاری بکات لە ئاشکرا نەکردنیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی برگەی(ب) ڕێگای داوە بە ئاشکرا کردنیان بە شێوەی ریزپەر لە دوو باردا:١- ئەگەر ئاشکرا کردنیان پێویست بوو بۆ پاراستنی خەلک(حماية الجمهور)، ٢- لەحاڵەتی گرتنەبەری ڕیکاری پێویست بۆ دڵنیابوون لە بەکار نەهێنانی بەشێوەیەکی نارەوا و نادادپەروەرانەی زانیاریەکان. بەو پێیە ئێمە پێمان وایە ئەگەر ئاشکرا کردنیان ڕێگە پێدراوبێت لە پێناو پاراستنی خەلک ئەوە

باشتروایە بەکارهێنانیان ڕێگە پێبدرێت لە ڕێگەی ڕێکخستنی مۆڵەت پێدانی ناچاری لەکاتی هەبوونی پێویستی زۆر بۆ پاراستنی خەلک.

هەڵوێستی یاسادانەری عێراق ناروونی تەواوی پێوە دیارە دەربارەی مۆلەتی نا چاری نهێنی بازرگانی، ئەمە سەرەرای ئەوەی لە ماددەی ٢ برگە (ب) وشەی پاراستنی خەلک بە رەهای هاتووە بەبێ ئەوەی چوارچێوەکەی دیاریکات.

وە ئەگەر وردبینەوە لە یاساکانی ئەمریکا دەبینین کە بە جۆرێک لە جۆرەکان و لە هەندیک بارودۆخدا مۆلەت پێدانی ناچاری بۆ بەکارهێنانی نهێنیە بازرگانییەکان رێکخستووە لە رێگەی بریارەکانی دادگاوە. شایەنی باسە کە لە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەبەرئەوەی سیستەمی یاسایی لەو وڵاتە بریتییە لە سیستەمی یاسای گشتی بریارەکانی دادگا وەکو یاسا پابەندن و پێویستە رێزیان لێ بگیرێت.

ئەم بابەتە لە ژێر بابەتی "فەرمانی پاشکۆیی" بە بریاری دادگا رێکخراوە کە بە پێی ئەم بریارە خاوەنی نهێنیە بازرگانیەکە ناچار دەکرێت بە ئاشکراکردنی نهێنیەکە بۆ کەسێکی تر. ئەمەش زیاتر لە حاڵەتی مۆلەت پێدانی ناچاری دەستاویژی داهێنان رووەدات، کاتێک دەستاویژی داهێنان دەدرێت بە کەسێکی تر لە رێی مۆڵەتەوە، لەوانەیە پێویستی بەوە بێت کە نهێنیەکی بازرگانی بۆ ئاشکرا بکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت سود لەو دەستاویژی داهێنانە وەربگرێت و بەکاری بهێنێت، ئینجا لەو حاڵەتە ئەگەر بێت و خاوەنی نهێنیە بازرگانیەکە رەزامەند نەبێت بە پێدانی مۆلەت بەو کەسەی مۆڵەتی دەستاویژی داهێنانی پێدراوە بە ئارەزومەندانە ئەوا بە ناچاری پشت دەبەستریێت بە فەرمانی پاشکۆیی کە دادگا بە بریارێک خاوەنی نهێنیە بازگانیەکە ناچار دەکات بە ئاشکرا کردنی نهێنیە بازرگانیەکە بۆ مۆلەت پێدراوەکە لە بەرامبەر پێدانی قەرەبوویەکی دادپەروەرانە بە خاوەنی نهێنیە بازرگانیەکە و پاراستنی ئەو نهێنیە. بەجۆرێک پێویستە رێگری بکرێت لە خراپ بەکارهێنانی ئەو نهێنیە بازرگانیانە لە لایەن مۆلەت پێدراو لە رێگەی سەپاندنی پێ بژاردن و لێ سەندنەوەی مۆلەت.(Wang ، ٢٠١٤،لاپەرە ٩٦-٩٧) بۆ نموونە لە یەکێک لە کەیسەکان بە ناوی (Medical Sabatino Bianco, M.D. v. Globus) لە ساڵی ٢٠١٤ دادگا مۆلەت پێدانی ناچاری وەک چارەسەرێک بەکارهێناوە بۆ خراپ بەکارهێنانی نهێنیە بازرگانیەکان . لەم کەیسەدا د. بیانکۆ (Dr.Bianko) کە پزیشکی نەشتەرگەری دەمار بوو لە تکساس، هەڵسا بە ئاشکراکردنی ئامێرێکی بۆ کۆمپانیای (Globus Medical)لەژێر رێککەوتننامەیەکی نهێنی . بەلام دواتر ئەو کۆمپانیایە هەلسا بە فرۆشتنی ڤێرژنی ئامێرەکانی. دادگا لە بەرژەوەندی دکتۆر بیانکۆ بریاری دەرکرد بەوەی کە کۆمپانیاکە نهێنیە بازرگانیەکە خراپ بەکارهێناوە و پێویستە قەرەبووی دکتۆرەکە بکاتەوە بە بری ٤،٢ ملیۆن دۆلار، بەڵام دادگاکە بریاری لەناوبردنی ئامێرەکانی نەدا کە کۆمپانیاکە فرۆشتونیەتی و بەرهەمی هیناون لە بەر بەرژەوەندی گشتی بەڵکو کردیە مۆلەتی ناچاری بۆ بەکارهێنانی نهێنیە بازرگانییەکان لەبەرامبەردا پێویستی کرد لەسەر کۆمپانیاکە بە رێژەی ٪٥ی پارەی فرۆشتنی ئەو ئامێرانە قەرەبوو بدات بە دکتۆرەکە.(*Bianco* ، ٢٠١٤)

دەتوانین بڵێین لە رێکەوتننامەی تریپس و یاسای عێراق و ئەمریکی و زۆربەی سیستەمە یاساییەکانی دەوڵەتان کاتێک باس لە نهێنی بازرگانی دەکەن ئەوە هیچ پاراستنێکی یاسایی بەدی ناکرێت لە دژی دروستکردن و گەشتن بە زانیارییەکان بەشێوەیەکی یاسایی و رەوان یان لە رێگای ئەندازیاری پێچەوانە (الهندسة العكسية) لە بەرهەمێک و لە بواری گشتی، وە لە هەمان کاتدا هیچ میکانزمێکی یەکسان نییە لە یاساکانی خاوەنداریەتی هزری بۆ مۆلەت پێدانی ناچاری نهێنییە بازرگانییەکان هاوشێوەی میکانیزمی مۆلەت پێدانی ناچاری دەستاویژی داهێنان، بەهەمان شێوە هیچ رێگریەکیش نییە بۆ رێگەگرتن لە مۆلەت پێدانی ناچاری نهێنییە بازرگانییەکان هاوشێوەی ئەو رێگرییەی کە لە ماددەی(٢١)ی رێکەوتننامەی تریپس هەیە بۆ ناونیشانی بازرگانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ماددە هەن لە رێکەوتننامەی تریپس هەروەک پێشتر رونمان کردنەوە کە دەکرێت ببن بە بنەمایەکی پاڵپشتیکار بۆ مۆلەت پێدانی ناچاری نهێنییە بازرگانییەکان.(Alvarado ، ٢٠٢٠)

بە بۆچونی ئێمە بۆ چارەسەر کردنی ئەم ناروونیانەی کەوا لە رێکەوتنامەی تریپس و یاسای دەوڵەتاندا داهاتوون، وە بەو پێیەی رێکەوتننامەی تریپس و پاریس بێ دەنگ بوون و هیچ دەقێکیان نەکردووە بۆ رێگەدان یاخود رێگە نەدان بە مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ نهێنیە بازرگانییەکان ئەوش ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کەوا بەجێی هێشتبێت بۆ یاسا نیشتیمانیەکان بە جۆرێک دەکرێت شیکردنەوەی بۆ بکرێت بەوەی دەوڵەتان بتوانن مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ نهێنییە بازرگانییەکان دەربکەن لە کاتی هەبوونی پێویستی، بۆیە بۆ هێنانەدی هاوسەنگی لە نیوان بەرژەوەندی خاوەنی نهێنیە بازرگانیەکە و بەرژەوەندی گشتی، وا باشە کە مۆڵەتپێدانی ناچاری بۆ بەکارهێنانی نهێنیە بازرگانییەکان بە ئاشکرا ئاماژەی پێ

بکرێت و لە بەرامبەر ئەو بەکارهێنانەشدا خاوەنەکەی قەرەبوویەکی دادپەروەرانەی پێ بدرێت وە مافە هزریەکەی بپارێزرێت.

**3. هۆکارە پاڵنەرەکان بۆ دەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری لە نهێنییە بازرگانییەکان**

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین چەند هۆکار و پاساوێکی دیاریکراو هەن کەدەبنە هۆکار بۆ دەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری لە نهێنییە بازرگانییەکان، بەم شێوەی خوارەوە رونیان دەکەینەوە:

**1.3 مۆڵەت پێدانی ناچاری بە هۆکاری زیادەڕەوی کردنی خاوەنی نهێنی لە بەکارهێنانی مافەکەی**

مەبەستی سەرەکی لە سیستەمی یاسایی نهێنییە بازرگانییەکان لە ڕێکەوتننامەی تریپس و یاسای دەوڵەتان پاراستنی مافی خاوەنی نهێنییەکەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مافی کۆمەڵگا پارێزراو و ڕێزلێگیراوە بەو پێیەی کەوا مافی خاوەنی نهێنییەکە پیشەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە،(جودە، ٢٠١٧، لاپەرە٧٤)بۆیە بەشێک لە زانایان گوتیان ئەو مافەی کە خاوەنی نهێنییەکە هەیەتی کۆمەڵگاش پێویستە سودمەند بێت تەنانەت ئەگەر بە زۆرەملێش بێت بەو پێیەی کەوا کۆمەڵگاش ڕێژە و بەشی هەیە لەو مافە.(المجالي، ٢٠٠٨، لاپەرە ١٣٣)

یەکێک لە پابەندیەکانی سەر خاوەن مافەکانی هزری و نهێنییە بازرگانییەکان بەکار هێنانی نهێنییەکەیەتی بۆ سودی گشتی لە بەر ئەوەی نهێنی بازرگانی بە بەکارهێنانی سودەکەی تەنها بۆ خاوەنەکەی نابێت بەڵکو سودی بۆ کۆمەڵگاش دەبێت،(عبدالقادر، ٢٠١٠، لاپەرە ٣٩٨)ئەمە جگە لەوەی پرەنسیپی پابەندی بەبەکارهێنان یەکێکە لە پرەنسیپە هەرە گرنگەکانی خاوەنداریەتی هزری وە ئەو پارێزگاریەی بۆ خاوەنەکەی هەیە لەبەرامبەربەکارهێنانیەتی، بۆیە لە کاتی بەکار نەهێنانی نهێنییەکە لە لایەن خاوەنەکەی وە نەدانی مافی بەکارهێنانی نهێنییەکە بە کۆمپانیایەک یان لایەنێکی تر سەرباری هەبوونی پێویستی خەڵک و بازاڕ و پێویستی کۆمەڵگا ئەوە وادادەنرێت خاوەنەکەی زێدەڕەوی کردوە و مافی خۆی خراپ بەکارهێناوە.( مرمون، ٢٠٢٠، لاپەرە ٧٠٢)

نەک تەنها بەکار نەهێنان بەڵکو بە کارهێنان بە شێوەیەکی ناتەواو بەبێ بوونی پاساوی ڕەوا بە جۆرێک پێویستیەکان دابین نەکات هەر دەچێتە چوارچێوەی خراپ بەکارهێنانی ماف، لە بابەتێکی وەک دەستاوێژی داهێنان لە ماددەی (١/٢١) لە ڕێکەوتننامەی تریپس، وە لە ماددەی (٥) لە ڕێکەوتننامەی پاریس بۆ خاوەنداریەتی پیشەسازی سالی 1883 مافی ئەوەی داوە بە دەوڵەتانی ناو ئەو ڕێکەوتنامە کەوا مۆڵەت پێدانی ناچاری بەکارهێنانی دەستاوێژ دەربکەن لە کاتی بەکار نەهێنانی مافی بەکارهێنان لە لایەن خاوەنەکەی.(القرشي، ٢٠١٤،لاپەرە ١٠٢-١٠٣) وە هەرچی یاسادانەری عێراقیە دوای ئەو گۆڕانکاریە یاساییانەی کە بەسەر یاساکەدا هات ڕێگەی داوە بە دەرکردنی مۆڵەتی ناچاری لە دەستاوێژی داهێنان لە کاتی بەکارنەهێنان یان بەکارهێنان بەشێوەیەکی ناتەواوی دەستاوێژەکە، بەڵام لەبواری نهێنی بازرگانی باسی لێوە نەکراوە، هەروەک بە پێی ماددەی ٢٧ برگەی (ب) خالی (١) لەکاتی بەکار نەهێنانی یان بەکار نەهێنانی بەشێوەیەکی تەواوی دەستاوێژ سەرەڕای پێدانی ماوە پێی هەر بەکاری نەهێنا ئەوا ماف دەداتە دەوڵەت بە دەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری،وە بەهەمان شێوە لەیاسایی پاراستنی خاوەنداریەتی دەستاوێژی داهێنانی ئیماراتی یەکگرتوو ژمارە ١٧ سالی 2002 ماددەی ٢٤ برگەی1، وە یاسایی دەستاوێژی داهێنانی بحرینی ژمارە ١ سالی 2004 ماددەی 20 برگەی(ب)، وە لە یاسای پاراستنی خاوەنداریەتی مصری سالی 2002 ماددەی 23 ڕێگایان داوە بە دەرکردنی مۆڵەتی ناچاری لە حالەتی بەکارنەهێنان یان بەکارهێنان بە ناتەواوی دەستاوێژ،چونکە ئەو پارێزگارییەی کەوا هەیە بەرامبەر بەکارهێنانیەتی بۆیە لەکاتی بەکار نەهێنانی مافەکە لەلایەن خاوەنەکەی یاخود بەکار هێنانی بە ناتەواوی بە جۆرێک پێویستیەکان دابین نەکات ئەوە خاوەنەکەی بە زیادەڕە دادەنرێت بە جۆرێک دەکرێت مۆلەتی ناچاری دەربکرێت بە بەکارهێنانی بابەتەکانی خاوەنداریەتی هزری وە لە ئەویشیدا بەکارهێنانی نهێنییەکە.( اللهبي، ٢٠١٦، لاپەرە ٣٥١-٣٥٢)

هەرچی دەربارەی هەڵوێستی دەوڵەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە ئەوە لەچوارچێوەی نهێنییە بازرگانییەکان هیچ دەقێک و حوکمێکی دادگای نیە کەوا ڕێگە بدات بە دەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنییە بازرگانییەکان بە پاساوی بەکارنەهێنانی نهێنی لە لایەن خاوەنەکەی، بە پێچەوانەی بواری دەستاوێژی داهێنان کە دادگا بڕیاری دەرکردنی مۆڵەتی ناچاری دەرکردووە لە حاڵەتی بەکارنەهێنانی داهێنانەکە لە لایەن خاوەنەکەی، لە کەیسی( Foster v. American Machine & Foundry Co ) خاوەن مافی دەستاوێژی داهێنان سکاڵای تۆمارکرد بۆ وەرگرتنی قەرەبوو بەهۆی بەکارهێنانی داهێنانەکەی بە نایاسایی، دادگا بڕیاری قەرەبووکردنەوەی خاوەنەکەی دەرکرد، بەڵام نکۆڵی کرد لە ڕێگریکردنی بەردەوام بوونی بەکارهێنانی داهێنانەکە لە لایەن بەکارهێنەرەکە، لە جیاتی ئەوە هەڵسا بە دەرکردنی بڕیاری مۆڵەت پێدانی ناچاری لە بەرامبەر

قەرەبوویەکی دیاریکراو بۆ خاوەنەکەی. هۆکاری دەرکردنی مۆڵەتی ناچاری بریتیبوو لەوەی کە خاوەن مافی دەستاویژی داهێنان هیچ پلانێکی نەبوو بۆ بەکارهێنانی داهێنانەکە.(Foster ، ١٩٧٤، لاپەرە ٤٩٢)

بەگەڕانەوە بۆ ئەحکام و پرەنسیپەکانی ڕێکەوتننامەی تریپس هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا دەردەکەوێت کە ئەو پاراستنە یاساییەی بۆ نهێنییە بازرگانییەکان هەیە بۆ ئەوە نییە ڕێگری بکرێت لە کۆمەڵگا لە سودی ئەو داتا و زانیاریانە، بەڵکو مەبەستی سەرەکی لەو پاراستنە یاساییە بەکارهێنانیەتی و هاندانی گیانی نوێگەریە وە لە ئەنجامیشدا سودمەندبوون و بەدیهێنانی بەرژەوەندی کۆمەڵگایە. بۆ ئەمەش دەکرێت سود لەو نەرمیەی کە لە ماددەی (٢/٨) لە ڕێکەوتننامەی تریپس داهاتووە بکرێت کە جەخت لە ئازادی دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکەوتننامەکە دەکاتەوە لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست لە یاساکانیان بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی و خۆراک و بەرژەوەندی گشتی، وە گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێک بەمەرجێک بگونجێن لەگەڵ بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە، بۆ ڕێگریکردن لە هەڵگرانی مافەکانی خاوەنداریەتی هزری لە خراپ بەکارهێنانی یاخود ڕێگە گرتن لە بەکارهێنانی کە دەبێتە هۆی سنوردارکردنی نەگونجاوی بازرگانی. بۆیە پاڵپشت بەو ماددەیە دەکرێت خاوەنی نهێنی ناچار بکرێت بە بەکارهێنانی نهێنییەکەی، وە لە کاتی بەکار نەهێنانی نهێنییە بازرگانییەکە ئەوا زیان بە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا دەگات، وە بەرژەوەندی گشتی پێشدەخرێت لەسەر ئەو بنەمایەش دەکرێت مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ بەکارهێنانی نهێنییەکە دەربکرێت.(عبدالرحمن، ٢٠١٤) ئێمە پێمان وایە پابەندی خاوەنی نهێنی بازرگانی بە بەکارهێنانی نهێنییەکەی گرنگی زۆری هەیە لە سەردەمی ئێستادا بەتایبەتی لەبواری دەرمان، هەروەک لەکاتی ئێستادا بەهۆی بڵاوی و گەشەسەندنی ڤایرۆسی کۆرۆنا پێویستی زۆر هەیە بۆ دەست کەوتن و بەرهەمهێنانی پێکوتەی دژە کۆرۆنا بۆیە لەکاتی بەکار نەهێنانی نهێنییەکە یان بەکار نەهێنانی بەشێوەیەک کەوا پێویستی خەڵک دابین بکات ئەوا وا دادەنرێت کەوا کۆمپانیا زێدەڕەوی کردووە لە مافەکەی وە مۆڵەتی ناچاریش ئامرازێکی یاساییە بۆ پێشگرتن یان چارەسەریە بە گوێرەی بارودۆخ لە هەر زێدەڕەویەکی خاوەنی نهێنی لە بەکار نەهێنان و بەکارهێنان بەشێوەیەکی ناتەواوی مافەکەی.

### 2.3 مۆڵەت پێدانی ناچاری بەهۆکاری بەرژەوەندی گشتی

مەبەست لە بەرژەوەندی گشتی هەموو ئەو بەرژەوەندیانەن کەئامانج لێی خزمەتکردنی کۆمەڵگایە چ لەڕووی خۆراکەوەبێت لە دابین کردن و کۆنترۆڵکردنی کەموکوڕی و قۆرغکاری،( الجيلالي، ٢٠١٥، لاپەرە ٢٠٧-٢٠٨)یان بەرژەوندیەکە پەیوەندی بە تەندروستی گشتیەوە لە خۆ پاراستن و چارەسەریەوە هەبێت بەتایبەت لەحاڵەتی پەتا کوشندە و ڤایرۆسە مەترسی دارەکاندا، ئەمە جگە لەوەی بەرژەوەندی گشتی بەتەنها لە چوارچێوەی دەوڵەتەکە ناگرێتەوە بەڵکو بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، وەک ڤایرۆسی کۆرۆنا کە هەڕەشەبوو بۆ سەر مرۆڤایەتی بەگشتی.( الصغير، ٢٠٠٥) ئەگەرچی لە ماددەی (٣٩)ی ڕێکەوتننامەی تریپس پاراستنی یاسای داناوە بۆ نهێنییە بازرگانییەکان، وە بەهەمان شێوە لە ماددەی (٣/٣٩)ی ڕێکەوتننامەکە پابەندی دەوڵەتانی کردووە بە ئاشکرا نەکردنی ئەو داتا و زانیاریە نهێنیانەی کەوا پێشکەش بە لایەنی حوکمی دەکرێت بە مەبەستی ڕەزامەندی بە بازارکردنی دەرمان و ماددەی کیمیایی کشتووکاڵی، بەڵام ئەو پاراستنە ڕەها نییە بەڵکو ڕێگە دراوە بە ئاشکراکردنیان ئەگەر هاتوو پێویست بوو بۆ پاراستنی خەڵک، بۆیە بە پێشێلکردن و دەست درێژی دانادرێت بۆسەر مافی خاوەنی زانیارییە نهێنییەکان ئەگەر هاتوو لایەنی تایبەتمەند هەڵسا بە ئاشکراکردنیان لەکاتی هەبوونی پێویستی پاراستنی خەڵک.( القليوبي، ٢٠١٦، لاپەرە ٤٤٢)

هەڵبەتە چەمکی بەرژەوەندی گشتی گەشەی سەند لەگەڵ گەشە سەندنی ڕۆڵی دەوڵەت لە کۆمەڵگا بەو پێیەی چەمکی بەرژەوەندی گشتی تەنها کورت نەبۆتەوە لەسەر بەدیهێنانی ئارامی گشتی و پاراستنی ئاسایشی گشتی و تەندروستی گشتی بەڵکوبەهەمان شێوە گەشەسەندنی ئابوریو بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و ڕەفاهیەتیش بۆ کۆمەڵگا دەگرێتەوە.( زوبير، ٢٠١٨، لاپەرە ١٨٣-١٨٤)

ڕێکەوتننامەی تریپس لەماددەی(٧) بە مەرجی گرتووە کەوا زێدەڕەوی نەکرێت لە پاراستنی خاوەنداریەتی هزری بە جۆرێک گونجاوبێت لەگەڵ بەرژەوەندی هاوبەش و بەشێوازێک بێت ببێتە هۆی هێنانەدی خۆشگوزەرانی و ڕەفاهیەتی کۆمەڵایەتی و ئابوری. سەرەڕای ئەوەش لە ماددەی (٨) لە ڕێکەوتنامەی تریپس مافی داوەتە دەوڵەتانی ئەندام لە گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی و ئاسایشی خۆراک و بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی لەو کەرتانەی گرنگی زۆریان بۆ ژیاندنەوە و بەرەوپێش چوون لە بواری کۆمەڵایەتی

و ئابوری و تەکنەلۆژیادا هەیە.(جرجس، ٢٠١٦، لاپەرە ١٨٤) بۆیە بەپێی ئەو ماددانە بۆمان دەردەکەوێت هیچ ڕێگرێەک نیە بۆ دەرکردنی مۆڵەتی ناچاری لە نهێنییە بازرگانییەکان بۆ پاراستنی تەندروستی خەڵک و ئاسایشی خۆراک و بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابوری، بە پێچەوانەوە دەوڵەت بۆی هەیە هەموو ڕێکارێک بگرێتەبەر بۆ پاراستنی، وە یەکێک لە میکانیزمە کاریگەرەکان ڕێگەدانە بە دەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاریلە نهێنییە بازرگانییەکان.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی مۆڵەتی ناچاری لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بە تایبەتیش لە بواری تەندروستی گشتی پێویستیەکی گرنگە بۆ پاراستن وپارێزگاری لە ژیان،(عدلي، ٢٠٢١، لاپەرە ٤٠-٤١)وە تەندروستی گشتی یەکێکە لە کەرتە هەرە گرنگەکانی دەوڵەت وە گرنگی پێدانی لە کارە لە پێشینەیەکانی هەر حکومەتێکە لەهەر دەوڵەتێک،(القرشي، ٢٠١٤، لاپەرە ١٢٠)بەپێی ماددەی(١/١٢) لە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیری ماف تەندروستی لەپێشتر دادەندرێت و جەخت لە مافی گەشتن بە بەرزترین ئاستی تەندروستی دەکاتەوە، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێت دەوڵەت تەداخول بکات و مۆڵەت پێدانی ناچاری دەربکات لەهەر حاڵەتێک کەوا تەندروستی هاوڵاتیانی بکەوێتە مەترسی.( العهد الدولي الخاص بالحقوق الاقتصادية والاجتماعية و الثقافية المؤرخ في ١٦ ديسمبر ١٩٦٦)

بۆیە مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنییە بازرگانییەکان بە پاساوی هێنانەدی بەرژەوندی گشتی و پاراستنی تەندروستی گشتی لەگەڵ ڕێکەوتننامەی ترپیس گونجاوە، لەکاتێکدا هیچ برگەیەک لە ڕێکەوتننامەکە بوونی نییە دەربارەی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ نهێنییە بازرگانییەکان، بەڵام بنەمای سەرەکی بۆ پێدانی مۆڵەتی ناچاری لێرەدا پابەندی دەوڵەتە لە ژێر یاسا نەتەوەی و نێودەوڵەتیدا بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی سەرچاوە دەگرێت.(Gurgula and Hull، ٢٠٢١،١٥ page) هەر بەم هۆیەشەوە لەم دوایانە دەوڵەتێکی وەک فەرەنسا یاسای فریاکەوتنی بۆ ئەم مەبەستە دەرکرد بە ناوی یاسای تەنگەتاوی (٢٩٠- ٢٠٢٠) لە ڕێکەوتی ٢٣ مارسی ٢٠٢٠ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پەتای کۆڤید-١٩، کەوا ماددەیەکی نوێی زیادکرد لە (١٥-٣١٣١) یاسای تەندروستی گشتی، کە ڕێگە دەدات بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پاڵپشت بە ڕاپۆرتی وەزیری تەندرووستی لە پێناو گرەنتی کردنی تەندروستی گشتی لە کاتی ڕاگەیاندنی بارودۆخی تەنگەتاوی تەندروستی کەوا:

أ- داواکردنی هەموو جۆرە کەل و پەل و خزمەتگوزاریەکی پێویست بۆ قەڵاچۆکردنی کارەساتە تەندروستیەکە وە داواکردنی هەرکەسێکی پێویست ب پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان و خستنەگەری کەل و پەلەکان.

ب- گرتنەبەری هەموو ڕێ و شوێنە پێویستەکان بۆ دەستەبەرکردنی داو و دەرمانی گونجاو بۆ نەخۆش لە پێناو کۆنترۆلکردنی کارەساتە تەندروستیەکە، وەکو داواکردنی دەستاوێژی داهێنان و نهێنییە بازرگانییەکان کە پەیوەستن بە کوتان.

ئەم حوکمە بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ کەل و پەل و هەموو ڕێ و شوێنەکان، وە هەروەها تێپەڕاندنی پاراستنی دەستاوێژی داهێنان و نهێنییە بازرگانییەکان وە دەرکردنی مۆڵەتی ناچاری وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی.(Bird ، ٢٠٢٠)

ئەرکی دەوڵەت لە بواری تەندروستی گشتی تەنها قەتیس نابێت لە پاراستنی تەندروستی لە مەترسیەکان بەڵکو پێویستە تەواوی پێداویستیە گرنگەکان و ماددەی چارەسەری تەواو دابین بکات بۆ هاوڵاتیانی هەروەک لە ماددەی (٣) یەکەم لە دەستوری عێراقی سالی (٢٠٠٥) دەوڵەت پابەند دەکات بە هەوڵدان لە پاراستنی تەندروستی گشتی و هەموو ئامرازە پارێزی و چارەسەریەکان،( دستور العراقي سنة 2005، المادة ٣، أولا) وە بە پێی ماددەی(٣) برگەی (١١) لە یاسایی تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩) سالی (١٩٨١) جەخت دەکاتەوە لە دابینکردنی سەلامەتی و تەندروستی تەواو بۆ هەموو هاوڵاتیان، بەو پێیە لەکاتی هەبوونی بەرژەوەندی گشتی چ لە ڕووی تەندروستی گشتی بێت یان هەر بوارێکی تر ماف دەداتە دەوڵەتلە دەرکردنی مۆڵەتی ناچاری لە پێناو بەرژەوەندی گشتی خەڵک.( قانون الصحة العامة الرقم 89 لسنة ١٩٨١، المادة ٣، الفقرة ١١)

بەو پێیەی دەردەکەوێت کەوا ڕۆلی بەرژەوەندی گشتی لە یاساکانی نهێنییە بازرگانیەکان بریتییە لە هاوسەنگی لە نێوان هەڵگران و خاوەنانی نهێنی بازرگانی لە بەرامبەر بەرژەوەندی گشتی لە ئاشکرا کردنی نهێنییە بازرگانییەکان، بەگشتی لە هاوسەنگیەکی ئاوادا بەرژەوەندی گشتی پێش بەرژەوەندی خاوەنی نهێنییەکە دەخرێت. نمونەی جیا هەیە لە دادگایەکان کەوا پشت بە بەرژەوەندی گشتی

دەبەستن بۆ پێدانی گەیشتنی لایەنی سێیەم بە نهێنییە بازرگانییەکان. لە دیترۆیت مید بۆ نمونە کەیسێکی پەیوەندیدار کە بەرنامەی کۆمپیوتەری قۆرخکاری مۆڵەتپێدراوی نەخۆشخانەکەی تێدابوو، دادگای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فەرمانی دادوەری سەرەتای دەرکرد و خاوەنی نهێنی بازرگانی ناچارکرد لە دابینکردنی دەست گەشتن بە زانیاری نهێنی بۆ بەرژەوەندی لایەنی سێیەم، بەجۆرێک دادگا کارێکی هاوسەنگی ئەنجامدا لە نێوان بەرژەوەندی گشتی لە پاراستنی تەندروستی گشتی وە لە لایەکی ترەوە بەرژەوەندی لەپاراستنی زانیارییە نهێنییەکان، لە کۆتایدا دادگا بڕیاریداو وتی "بەرژەوەندی گشتی خەڵک لە چاودێری پزیشکی گونجاوتر و سەروترە لە بەرژەوەندی گشتی لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکانی نهێنی بوون".( Detroit Medical Center v. GEAC COMPUTER SYSTEMS، ٢٠٠٠)

ئێمە پێمان وایە پێویستی پاراستنی خەڵک و بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا بە تایبەتیش لەبواری تەندروستی گشتی و خۆراک و پەیوەندیدار بە ژیان و سەلامەتی مرۆڤایەتی لە پێش بەرژەوەندی تاکەوەیە هەر لەبەر ئەوەش دەوڵەتان لە یاسایەکانیاندا گرنگی زۆر بە کاروباری  تەندروستی و کۆمەڵایەتی دەدەن، وە پێمان وایە پابەند بوون بە ڕێکەوتننامەی ترپس قەدەغەی دەوڵەتانی ئەندام ناکات لە گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ پاراستنی خەڵک لە بواری تەندروستی و خۆراک، بەم پێیە پاراستنی تەندروستی خەڵک و هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی پاساو و هۆکارێکی گونجاو دەبێت بۆ دەرکردنی مۆڵەتی ناچاری لە نهێنییە بازرگانییەکان بەرامبەر قەرەبوویەکی دادپەروەرانە بۆ خاوەنی نهێنییەکە لەگەڵ هەبوون و پابەندکردنێکی توند لەسەر لایەنی مۆڵەت پێدراو لە پاراستنی نهێنییەکە، وە کەمتر زیانی دەبێت بۆ خاوەنەکە لەوەی نهێنییەکە ئاشکرابکرێت بە هۆی هەبوونی بەرژەوەندی گشتی.

### 3.3 مۆڵەت پێدانی ناچاری بە هۆکاری کێبڕکێی ناڕەوا

مەبەست لە کردارەکانی کێبڕکێی ناڕەوا هەر کار و هەڵسوکەوتێکە کەوا ناڕەوایە و نەگونجاوە لەگەڵ کێبڕکێی ڕەوا و شەریفانە، وە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە بازرگانیەت بەشێوەیەکی گشتی. وە مۆڵەت پێدانی ناچاریش لێرەدا بۆ بەرپەچدانەوەی کرداری زیان بەخشی کێبڕکێ کاریە.( کرارة، ٢٠١٤، لاپەرە ٣٧٦) لە ماددەی (١٠/دووەم)ی ڕێکەوتننامەی پاریس پابەندی دەوڵەتانی ئەندام دەکات کەوا ڕەچاوی پاراستنی تەواویکەن دژی کێبڕکێی ناڕەوا، ئەوەش ئەوەیە کەوا ڕێکەوتننامەی ترپس پشتی پێ دەبەستێت بە شێوەیەکی سەرەکی، بەوپێیەی کردارەکانی کێبڕکێی ناڕەوا کەوا ئەنجام دەدرێن لە لایەن کەسانی تر بەرامبەر خاوەنی نهێنییەکە یان لە لایەن هەڵگری نهێنییە بازرگانییەن بەرامبەر کەسانی تر لە کێبڕکێ کارانیان، بەجۆرێک کاریگەری خراپی لەسەر بازاری پەیوەندیدار پێییەوە وە لەسەر ژیانی بازرگانی بەشێوەیەکی گشتی.(عمار، ٢٠١٩، لاپەرە ٤٤) بۆیە ڕێکەوتننامەی ترپس ڕێگە دەدات وەک سزایەک بۆ چارەسەرکردنی کاریگەریە نەرێنییەکان کەوا دروست دەبن لە کردارەکانی زیان بەخشی کێبڕکێ کاری و کێبڕکێ ناڕەوا کەوا لە لایەن هەڵگرانی مافەکانی خاوەنداریەتی هزری ڕوودەدات ئەمە بەڕونی لە ماددەی (٨) برگەی (٢) وە ماددەی (٤٠)ی ڕێکەوتننامەی ترپس ڕەنگی داوەتەوە، وە بێگومان مۆڵەت پێدانی ناچاری ئامرازێکی کاریگەرە بۆ ڕێگریکردن و لابردنی ئاسەوارەکانی کێبڕکێی ناڕەوا.( عبدالرحمن، ٢٠١٤، لاپەرە ١١٠-١١١)

بەم پێیە پاساوێک بۆ دەرکردنی مۆڵەتی ناچاری پیادەکردنی ناڕەوایە لە کێبڕکێ، هەر بۆیە بوونی کێبڕکێی ناڕەوا وەک کردارێک دەبێتە هۆی دەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری کە ئەمەش پێویستە بۆ ڕێگریکردن یان کەم کردنەوەی کاریگەریەکانی لەسەر ئابوری دەوڵەت و مامەڵە بازرگانیەکان. بۆیە ئەگەر خاوەنی نهێنی بازرگانی زیادەڕەوی کرد لە مافی بەکارهێنانی نهێنییەکەی بەجۆرێک کەوا ڕێگری بکات لە کەسانی تر لە کێبڕکێی ڕەوایان یان ببێتەهۆی زیان گەیاندن بە کردارەکانی کێبڕکێی ڕەوا و شەریفانە ئەوە دەبێتە پاساوێک بۆ دەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری.( الغامدي، لاپەرە ٢٩٨)

هەرکارێک ببێتە ڕێگر لە پرۆسەی پێشبڕکێ یان کاریگەری خراپی هەبێت لەسەر کرداری گواستنەوەی تەکنەلۆژیا، هەموو ئەو کردارانە بە کێبڕکێی ناڕەوا دادەندرێن وە ڕێگە خۆشکەر دەبن بۆ دەرکردنی مۆڵەتی ناچاری، وە ئەمەش پێویستی بە ڕێکاری کارگێڕی و دادوەری هەیە بۆ دڵنیابوونەوە لە کردارەکە تاوەکو مۆڵەتەکە نەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافی خاوەنی نهێنییەکە.(جودە، ٢٠١٧، لاپەرە ٧٧)بۆیە دەوڵەت مافی دەبێت لە دەرکردنی مۆڵەتی ناچاری بۆ بەرژەوەندیەک لە بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت یان کەسێکی تر بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی نەریتە دژە کێبڕکێییەکان، بەو مانایەی لە کاتی پیادە کردنی کێبڕکێی ناڕەوا و ئەنجامدانی کردارێک کەوا پێچەوانەی داب و نەریتی کێبڕکێی ڕەوایە

ئەوە دەوڵەت دەتوانێ مۆڵەت پێدانی ناچاری دەربکات.(مرمون، ٢٠٢٠، لاپەرە ٧٠٧)

وە لە ڕێکەوتننامەی ترپس لە ماددەی (٣٩) لە برگەی (٢/٣) ڕێگای داوە بە ئاشکراکردنی داتا و زانیارییەکان کە پێشکەش دەکرێن بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی بە بازارکردنی دەرمان و مەوادی کیمیایی بۆ دڵنیابوون لە بەکار نەهێنانی لە بازرگانی ناڕەوا و نادادپەروەرانەدا، بەو پێیە ڕێگە دراوە بە ئاشکراکردنی زانیاریە نهێنییەکە لە کاتی بەکارهێنانی نهێنییەکە بەشێوەیەکی پێچەوانەی کردارەکانی بازرگانی ڕەوا و شەریفانە،(الصغیر، لاپەرە ١٥) بەمەش لە کاتی بەکار هێنانی نهێنییە بازرگانییەکان بە شێوەیەک کەوا پێچەوانەی نەریتەکانی کێبڕکێی ڕەوا و دادپەروەرانە بوو ئەوە دەبێتە پاساوێک بۆ دەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ ڕاستکردنەوەی کێبڕکێیە ناڕەوایەکە.(اللهیبي، ٢٠١٦، لاپەرە ٤٠٣-٤٠٦) وە یاسادانەری عێراقی لە یاسای دەستاوێژی داهێنان لە بابی دووەم (دووبارە ٢) لە کۆتای ماددەی (١) باس لە بەکار نەهێنانی نهێنی بازرگانی دەکات بە شێوەیەک کە پێچەوانەی داب و نەریتی بازرگانی باوبێت، بۆیە ئەو پارێزگاریە یاساییەی کەوا بۆ خاوەنی نهێنی هەیە نامێنێت لە کاتی بەکار هێنانی نهێنییەکەی بە پێچەوانەی داب و نەریتی بازرگانی.

بە سەیرکردنی هەڵوێستی دادگای ئەمریکی دەردەکەوێت لە حاڵەتی پێشێلکاریەکانی یاسای کێبڕکێ دادگاکان زیاتر لایەنگیری دەرکردنی مۆڵەتی ناچارین، بەوپێیەی یاساکانی خاوەندارێتی هزری و کێبڕکێ هەمیشە دژ یەکن هەرچەندە هەردووکیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی تێدەکۆشن، بەجۆرێک یاساکانی خاوەندارێتی هەزری هانی نوێگەری و داهێنان دەدەن و یاساکانی کێبڕکێش هەوڵی بەرەودان بە کێبڕێ دەدەن، ئەو دوو یاسایانەش تەواوکەری یەکترین و برەو بە بەرژەوەندی گشتی دەدەن، بەڵام هەر یەک لەو یاسایانە لە دوو گۆشەی جیاوازەوە هەوڵی پێکانی ئامانجەکانیان دەدن، بەجۆرێک یاساکانی خاوەندارێتی هزری قۆرغکاریەکی سنوردار دەبەخشنە خاوەنەکانیان، لە کاتێکدا یاساکانی کێبڕکێ ڕێگری لە قۆرغکاری دەکەن.(Joseph، ٢٠٠١، لاپەرە ٥)

لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە ئەو کارانە چین کەوا بە پێچەوانەی کردارەکانی کێبڕکێی ڕەوا دادەندرێن؟، لە وەڵامی ئەو پرسیارە دەڵێن کردارەکانی پێچەوانەی کێبڕکێی ڕەوا دیاریکراو نین، بە پێی ماددەی (١٠/دووەم) لە ڕێکەوتننامەی پاریسی ساڵ بە گشتی هەرکارێک پێچەوانەی داب و نەریتی شەریفانە بێت لە کێبڕکێ دەچێتە چوارچێوەی کرداری کێبڕکێی ناڕەوا قەدەغەکراوە و ڕێگری لێ دەکرێت،(بڕوانە ڕێکەوتننامەی پاریس ساڵی ١٩٨٣ ماددەی ١٠/دووەم) وە یاسا دانەری عێراق لەیاسایکێبڕکێ و قەدەغەکردنی قۆرغکاری ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠١٠ لە ماددەی (١٠) دەقی کردووە لەسەر،قەدەغەکردنی هەر پراکتیزەکردنێکیانڕێککەوتننامەیەنوسراویان زارەکی کە پێکدێن لە شکاندن و پێشێلکردنی پێشبڕکێ و ڕێگریکردن لە قۆرغکاری،یان سنوردارکردن یانڕێگرتن لێی.

بەهەمان شێوە یاسا دانەری کوردستانی لە یاسای کێبڕکێ و قەدەغەکردنی قۆرخکاری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٣ لە ماددەی (٨) دا ٢٣ حاڵەتی دیاریکردوون و قەدەغەی کردووە پێکهاتن یان گرێبەستکردن لە نێون کەسانی کێبڕکێکار لە هەر بازارێک یان لە لایەن ئەوەی کۆنترۆڵی بەسەر بازارێکی دیاریکراودا هەبێت بە مەبەستی قۆرخکاریی و هێنانە کایەی کێبڕکێی ناڕەوا.(بڕوانە ماددەی ٨ لە یاسای کێبڕکێ و قەدەغەکردنی قۆرخکاری کوردستانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٣).

زانایانی ئەمریکی سێ حاڵەتیان دیاریکردووە کەو بەکارهێنانی نهێنی بازرگانی خاوەندار لە لایەن کەسێکی تر ڕەوا دادەندرێت و ناچێتە چوارچێوە کێبڕکێی ناڕەوا، حاڵەتی یەکەم گەشتنی کەسێک بەنهێنی بازرگانی بە ڕێگایەکی ڕەوا بە هۆی هەوڵدنی کەسی و توێژینەوە کە ناو دەبردرێت بە کرداری گەشەسەندنی سەربەخۆ (Independent Development)، حاڵەتی دووەم گەشتنی کەسێک بە نهێنی بازرگانی بە هۆی ئەندازیاری پێچەوانە (الهندسة العكسية)، حاڵەتی سێیەم ئەگەر هاتوو خاوەنی نهێنییەکە نهێنییەکەی ئاشکراکرد.( Elizabeth، ٢٠٠٧، لاپەرە ١٦)

بۆیە گەشتن بە نهێنییە بازرگانییەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ یاخود لە ڕێگای ئەندازیاری پێچەوانە ئەوە بە سەرپێچی کردن و پێشێلکردنی مافی هزری دانانردێت و ڕێگیری لێکراو نییە وە ڕێکە لەگەل کاری کێبڕکێی ڕەوا.(السواعده، ٢٠٠٨، لاپەرە ٩٣)

وەک جێبەجێکاریەک دەتوانین بڵێین لەکاتی ئێستادا بەهۆی بڵاوی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆمپانیاکان لە کێبڕکێی بەردەوامن بۆ دەستکەوتن و بەرهەمهێنانی زۆرترین ژمارەی پێکوتەی چارەسەری بۆیە ئەگەر هاتوو کۆمپانیایەک کردارێکی پێچەوانەی کێبڕکێی ڕەوای ئەنجامدا وەک ئەوەی پێکوتە بەنرخێکی زۆر گران

فرۆشت یان کڕیاری بەزۆر نا چارکردن بە ڕازی بوون بە مەرجی سەپێندراو و زێدەڕەوی کرد لە مافی یان جیاکاری کرد یان نهێنی دروستکردنی بە شێوەیەکی ناڕەوا دەست کەوت ئەوا مۆڵەتی نا چاری دەبێتە ئامرازێک بۆ ڕاستکردنەوەی کێبڕکێی ناڕەوا و چارەسەر کردنی شوێنەواری نەرێنیەکانی قۆرخکاری و کێبڕکێی ناڕەوا.

وە ئێمە پێمان وایە دانانی پیادەی کێبڕکێی ناڕەوا و کرداری زیانبەخشی کێبڕکێ بە هۆکارێک بۆ دەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری هەڵوێستێکی باش و سەرکەوتووانە دەبێت لەلایەن یاسایی دەوڵەتان.

### 4.3 مۆڵەت پێدانی ناچاری بە هۆکاری بەکارهێنانی حکومی لە حاڵەتی پێویستی ئاسایشی نەتەوەیی و باری تەنگەتاو

مەبەست لێرەدا ئەوەیە کەوا دەوڵەت هەڵدەستێ بە بەکارهێنانی نهێنییە بازرگانییەکە لەکاتی هەبوونی پێویستی بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیدارە بە ئاسایش و تەندروستی و سەلامەتی گشتی لێرەدا ڕێگە بە دەوڵەت دەدرێت بەبەکارهێنان و بەرهەمهێنانی داو و دەرمان بۆ بەرپەچدانەوەی ئەو بارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە قەرەبوویەکی دادپەروەرانە بدرێتە خاوەنەکەی.( صالح، ٢٠٠٩، لاپەرە ٦٦-٦٧)

بابەتی ئاسایشی نیشتیمانی دادەندرێت بەوەی دەربڕینە لە سیادەی دەوڵەت بەجۆرێک دەوڵەت مافی پاراستنی ئاسایشەکەی هەیە لە هەموو بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و تەندروستی.(جودە، ٢٠١٧، لاپەرە ٧٩ )ئاسایشی نەتەوەیی لە سەردەمی ئێمەدا زیاتر لە جاران پشت بە تەکنەلۆژیا و زانست دەبەستێت، بەکارهێنانی ئامێر و ئامرازەکان بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایشی وڵات و هاوڵاتیان و پاراستنیان لەهەر هێرشێک کە دەکرێتەرووبەڕوویان بکرێتەوە، ئەو ئامێر و ئامرازانە زۆربەی کات پارێزراون بە دەستاویژی داهێنان و لە ژێر نهێنییە بازرگانییەکان، لە هەندێک بارودۆخدا پێویست دەکات مافی بەکارهێنانیان لێوەر بگیرێت بەهۆی هەبوونی پێویستی بۆ پاراستنی ئاسایش دەوڵەت و هاوڵاتیانیان بۆ بەهێزکردنی پێگەی دەوڵەت.(القرشي، ٢٠١٤، لاپەرە ١١٨)

ئەم حاڵەتە خۆی دەبینێتەوە لە ڕۆڵی حکومەت لە دابینکردنی پێویستیەکانی تاکەکان و پاراستنی ئاسایشی تاک و کۆمەڵگا وە ڕووبەڕوو بوونەوە و چارەسەرکردنی بارە تەنگەتاوەکان، بەوپێیەی ئەرکی پارستنی ئاسایشی نیشتیمان و ڕووبەڕوو بوونەوەی باری تەنگەتاوی لە پێشینەی ئەرکەکانی دەوڵەتە بەرامبەر بە هاونیشتیمانیانی. بەکارهێنان لە لایەن حکومەت یەکێکە لە حاڵەتەکانی دەرکردنی مۆڵەتی ناچاری بەکارهێنانی نهێنییە پارێزگاری لێکراوەکان بەرێگای حکومەت یان بۆ بەرژەوەندی ئەو یان بەکارهێنانی بۆ سودی گشتی نابازرگانی، بەجۆرێک کە لێرەدا دەوڵەت بتوانێت مۆڵەتی لەو جۆرە دەربکات لە پێناو سودی گشتی وەک گەشتن بە دەرمان و پێویستیە گرنگەکانی گشتی یان ئەنجامدانی توێژینەوە یان لە پێناو سەلامەتی ژینگەی، جێگای ئاماژە پێدانە ڕێکەوتنامەی تریپس هیچ بەندێکی تێدا نییە کەوا قەدەغەی دەوڵەتانی ئەندام بکات لە دەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ پاراستنی ژینگە.( کرارة، ٢٠١٤، لاپەرە ٣٦٣)وە یاسای هەوای پاک لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەقی کردووە لەسەر مۆڵەت پێدانی ناچاری داهێنانەکانی پەیوەندیدار بە کۆنترۆڵ کردنی پیسبوونی هەوا لە بەشی ٧٦٠٨ ئامانجی ئەو دەقە یاسایە بریتییە لە ڕێگەدان بە دامەزراوە پیشەسازیەکان کە دەستیان بگات بە ئامرازەکانی کۆنترۆڵ کردن و پاراستنی ژینگە.( The Clean Air Act , ection 7608)

هەروەک پێشتر وتمان بە شێوەیەکی گشتی نە دەوڵەت وە نە کەسانی تریش ناتوانن نهێنی بازرگانی و زانیاری کەسێکی تر بەکاربهێنن تەنها لەو کاتەدا نەبێت کەوا بە شێوەیەکی سەربەخۆ و لە چوارچێوەی کێبڕکێی ڕەوا پێی گەشتوون،(اللهيبي، ٢٠١٦، لاپەرە ٤٠٥-٤٠٦) وە دەوڵەت پابەندە بە پاراستنی نهێنییە بازرگانییەکان وە پاراستنی ئەو داتا و زانیاریانەی کە پێشکەشی دەکرێن بە مەبەستی بەدەستخستنی ڕەزامەندی بە بازارکردنی دەرمان و ماددەی کیمیای، ئەگەرچی وەک ڕێزپەرێک لە پێناو پاراستنی خەڵک ڕێگادراوە بە ئاشکراکردنی، بەڵام پرسیارێک لێرەدا دروست دەبێت ئەویش ئەوەیە ئایە دەوڵەت دەتوانێت وە بۆی هەیە ئەو داتا و زانیاریانە بەکاربهێنێت؟

یەکێک لەو بابەتانەی کەوا دژایەتیکرا لە لایەن دەوڵەتانی بەشداربوو لە کۆبونەوەکانی لیژنەی گفتوگۆکاری گەشتی ئوروگوای وە لە نێویشیاندا پێشنیاری ئەمریکی بوو کەوا ڕێگری بکرێت لە دەوڵەت لە بەکارهێنانی ئەو زانیاری و داتایە نهێنیانەی کە پێشکەشی دەکرێت بەمەبەستی بەدەست خستنی ڕەزامەندی بە بازارکردنیان، تەنها لە یەک حاڵەت نەبێت ئەویش لە حاڵەتی پێویستی ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخێکی ناچاری پەیوەندیدار بە تەندروستی گشتی نەبێت، بەرامبەر قەرەبوویەکی دادپەروەرانە بۆ خاوەنی نهێنییەکە. وە بە گەڕانەوە

بۆ ماددەی (٣/٣٩) بڕگەی تایبەت بە داتا و زانیاری نهێنی دەبینین هیچ ئاماژەیەکی تێدانییە کەوا ماف بداتە حکومەت لە بەکارهێنانی ئەو داتا و زانیاریە نهێنیانە، وە لە هەمان کاتدا هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بۆ ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی حوکمی بەدی ناکرێت، بەڵکو تەنها مافی داوەتە دەوڵەت بە ئاشکراکردنیان لە کاتی هەبوونی پێویستی پاراستنی خەڵک یان لە حاڵەتی نەگرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ بەکارنەهێنانی بەشێوەیەکی ناڕەوا، ئەمەش ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە بە ناڕاستەخۆ ڕێگە بدات بە مۆڵەت پێدانی ناچاری لە کاتی هەبوونی پێویستی پارستنی خەڵک بۆیە لەکاتی هەبوونی پێویستی دەکرێت مۆلەتی نا چاری دەربکرێت بە بەکارهێنانی حکومی لە پێناو سودی گشتی.(سعاد، ٢٠١٤-٢٠١٥، لاپەرە ٦١-٦٢)

وە ڕێکەوتننامەی ترپس وەک ڕیزپەڕێکی گشتی ماف دەداتە هەموو دەوڵەتانی ئەندام لە گرتنەبەری هەر ڕێکار و ڕێوشوێنێک کەوا کاریگەری لەسەر بەرژەوەندیە ئاسایشیە سەرەکیەکانی هەبێت وە پێویست بێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئاسایشی گشتی.( صالح، ٢٠٠٩، لاپەرە ٦٩-٧٠) وە هەروەها یاسای بەرهەم هێنانی بەرگری ئەمریکی ساڵی ١٩٥٠ (DPA) ڕێگە بەسەرۆک دەدات کەوا داوا لە کۆمپانیاکان بکات بە پێدانی گرینگی زیاتر بەو گرێبەستانەی کەوا بەرگری نیشتیمانی بەهێز دەکەن. وە هەروەها دەوترێت لەکەیسێکی وەک بلاوبوونەوەی ڤایرۆسێکی وەک کۆڤید-١٩ ئەوە لەسەر بنەمای (DPA) سەرۆک دەتوانێ داوا لە کۆمپانیاکانی برەودان و بەرهەم هێنانی پێکوتەی کۆڤید-١٩ بکات بە ئالوگۆرکردنی زانیاری و داتا پێویستەکان بۆ ئاسانکاری کردنی بەرهەم هێنانی زیاتر ئەمەش پاڵپشت بە ئەحکام و بەندەکانی یاسا جیاوازەکان، وە هەروەها پاڵپشت بە بەرژەوەندیە گشتیەکان کە پێشتر باسمانکرد لێرەدا مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ نهێنیە بازرگانییەکان ئاسای دەبێت بەپێی بریارە حوکمیەکان.(Citizen ، ٢٠٢٠)

بەکارهێنانی حکومی بە پێچەوانەی حەڵەتی دەرکردنی مۆڵەت پیدانی ناچاری بە پاساوی بەرژەوەندی گشتی حکومەت دەتوانێت ڕاستەوخۆ بەکاری بهێنێت لە حاڵەتی بەردەست بوونی نهێنییەکە لە بەردەم حکومەت، لەکاتی پێویستی پارێزگاری ئاسایشی نەتەوەی یان ڕوبەڕوبونەوەی باری تەنگەتاوی، لە پێناو ڕوبەڕوو بوونەوەی ئەو بارودۆخە ئەگەرهاتوو مۆلەتەکە کاریگەری هەبوو لە سەر کەمکردنەوەی شوێنەواری ئەو بارە تەنگەتاوە یان ڕووداوەکە لە گەڵ ئاگادارکردنەوەی خاوەنەکەی، لەو حاڵەتە تەنگەتاویانەش دا پێویستی بە بوون و دەرکردنی ڕاگەیاندنێکی فەرمی هەیە لە دەوڵەت بە ڕاگەیاندنی باری لە تەنگەتاوی، وە پێویست بوونی دەرکردنی مۆڵەتی ناچاری بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو بارودۆخە وە لەسەر بنەمای مافی دەوڵەت لە پاراستنی هاوڵاتیانی لە مەترسیەکان.( مرمون، ٢٠٢٠، لاپەرە ٧٠٥)

لە ڕێکەوتنامەی ترپس لە ماددەی (٣١)، وە لە یاسای عیراقی لە ماددەی (٧) لە برگەی (أ) دەستاوێژی داهێنان ڕێگای داوە بەدەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ دەستاوێژی داهێنان، بەجۆرێک بۆ لایەنی پەیوەندار یان ئەو لایەنەی کەوا دەزگای پەیوەندیدار دیاری دەکات ئەگەر هاتوو مۆلەتەکە پێویست بوو بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی یان باری تەنگەتاو لەگەل ئاگادار کردنەوەی خاوەنەکەی ئەگەر کرا.

مۆڵەت پێدانی ناچاری لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخە پێویست و تەنگەتاوەکان لەسەر ئەو بنەمایە دەردەچێت کە دەوڵەت لەپێناو پاراستنی هاوڵاتییەکانی مافی ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخە تەنگەتاوەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیەکانی هەیە، بەجۆرێک کە ئەو بارودۆخەش پێویستی بە ڕێکاری خێرا هەیە بۆ چارەسەرکردن و بەرەنگاری کردنی.(المجالي، ٢٠٠٨، لاپەرە ١٣٣) بەو پێیەی لابردنی زیانێک باشترە لە هێنانەدی سودێک، وە ئەم حاڵەتە ڕەوایەتی خۆی لەو بارودۆخە تەنگەتاو و تەیبەتە وەردەگرێت بەو پێیەی پێویستی بە ئامراز و میکانیزمی تایبەت هەیە بەهۆی هەبوونی پێویستیەکی ناچاری،(يحي، ٢٠٢٠،لاپەرە ١٧٠)بۆیە پێویستیەکی گرنگە کەوا لە باری لە ناکاو تەنگەتاو وەک کارەساتی سروشتی گەورە وەک روچوون و بومەلەرزەی ویرانکەر و ...هتد ڕێگەبدرێت بە دەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنی بازرگانی بۆ ڕوبەڕوبوونەوە و کەمکردنەوەی شوێنەواری ویرانکەری ئەو بارودۆخە تەنگەتاو وکتوپڕانە، وە لەهەمانکاتدا بابەتی ئاسایشی نەتەوەی هۆکار و پاساوێکی پێویست و گونجاوە بۆ پەنا بردنە بەر مۆڵەتی نا چاری کە پەیوەندی بەهێز و ڕاستەوخۆی هەیە بە سەروەری و مافەکانی مرۆڤ لە مافەکانی کۆمەلایەتی و ئابوری و مافەکانی تری.(باقی، ٢٠١٠، لاپەرە ٤٠٦)

بۆیە یەکێک لە گرنگترین حاڵەتەکان کەوا دەتواندرێت بیێتە هۆکار و پاساوێک بۆ دەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ نهێنییە بازرگانییەکان بەکارهێنانی حوکمیە بەهۆکاری پێویستیەکانی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی و ڕووبەڕوو بوونەوەی

بارودۆخە تەنگەتاو و نائاساییەکانە.( شريفة و عادل، ٢٠٢٠، لاپەرە ٣٣٤-٣٣٥)

**5.3 ئاسانکاری کردنی بەکارهێنانی دەستاوێژی داهێنانی پاشکۆیی (Dependent Patents)**

لە کاتی پێدانی مۆڵەتی بەکارهێنانی دەستاوێژی داهێنان جا چ مۆڵەتی ئارەزوومەندانە بێتیان مۆڵەتی ناچاری، هەندێکجار کەسی مۆڵەت پێدراو پێویستی بە زانیاری تر دەبێت کە نهێنی بازرگانین بۆ ئەوەی بتوانێت سود لە دەستاوێژی داهێنان وەربگرێت. بۆیە لەم بارەدا ئەگەر بێت و خاوەنی نهێنییەکە بە ئارەزوومەندانەرازی نەبێت بە پێدانی ئەو زانیاریانە پێویستە ناچار بکرێت بە پێدانی یارمەتی تەکنیکی و بەڵگەنامە پێویستەکان کە نهێنی بازرگانی لەخۆ دەگرن و لە لایەن مۆڵەت پێدراو داوا دەکرێن بۆ ئەوەی بتوانێت سود لە دەستاوێژی داهێنان وەربگرێت، ئەمەش دەکرێت رێکبخرێت لەرێگەی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ نهێنییە بازرگانیەکان. هەر چەندە ئەم بابەتە لە ولایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا بە شێوازێک لە شێوازەکان رێکخراوە لە حاڵەتی مۆڵەت پێدانی ناچاری دەستاوێژی داهێنان ئەگەر پێویست بە ئاشکراکردنی نهێنی بازرگانی بوو ئەوا حکومەت لەرێی دەرکردنی بڕیارێکی پاشکۆیی (Ancillary Order) خاوەنی نهێنییەکە ناچار دەکات بە پێشکەش کردنیارمەتی پێویست بۆ مۆڵەت پێدراوەکە تاکو بتوانێت سود لە دەستاوێژی داهێنان وەربگرێت. کاتێک خاوەنی نهێنییەکە پابەند دەکرێت بە ئاشکراکردنی نهێنییەکەبۆ مۆڵەتپێدراوەکە ئەوا پێویستە لەسەری نهێنییەکە بپارێزێت و قەرەبوویەکی هۆکارداریش بداتە خاوەنی نهێنییە بازرگانیەکە. ئەگەر وردبینەوە لەو بڕیارەی حکومەتی ئەمریکا دەبینین کە ئەمە جۆرێکە لە مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ نهێنییە بازرگانیەکان بەڵام لە ژێر ناوێکی تر.( Wang، ٢٠١٤،لاپەرە ٩٦)

بە پێی ئەورێکخستنەی کە لە ئەمریکا کراوە پێویستە مەودا و چوارچێوەی بەکارهێنانی نهێنییە بازرگانیەکە دیاری بکرێت، بەڵام لە حاڵەتی بوونی کێشە و گومان لەسەر ئەم بابەتە ئەوا پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار بە پێدانی مۆڵەتی ناچاریەکە هەڵسێت بە گرتنەبەرڕێکارپێویست بە مەبەستی دیاری کردنی چوارچێوەی گواستنەوەکە. لە کاتی درووست بوونی کێشە لەسەر ئەوەی کە مۆڵەتپێدراوەکە مافەکانی خراپ بەکارهێناون لە گواستنەوەی نهێنییە بازرگانیەکە و سودێکی نابەجێی بەدەستهێناوە لەسەر بەرژەوەندی خاوەنی نهێنییەکە، ئەوا پێویستە ئەو لایەنەی مۆڵەتی پێداوەیاخود دادگا دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت کە مۆڵەتپێدراوەکە بەرپرسیار بکات بە پێدانی قەرەبوو بە خاوەنی نهێنییە بازرگانیەکە و رێگری لێ بکەن لە بەکارهێنانی زیاتری نهێنییە بازرگانیەکە.(Wang ، ٢٠١٤،لاپەرە ٩٧)

مەبەست لێرەدا ئەوەیە لە کاتێکدا نەتواندرێت دەستاوێژی داهێنان بەکاربهێندرێت و سودی لێوەربگیرێت تەنها لە رێگای مۆڵەت پێدانی ناچاری تر نەبێت کە پەیوەندی بە نهێنییەتی بەکارهێنانی داهێنانەکەوە هەیە کەوا خاوەنی کەسێکی ترە یان هەمان کەسە لێرەدا مۆڵەت دانەکە لە پێناو ئاسانکاری سود وەرگرتن لە دەستاوێژی داهێنانەکە دەبێت.(القرشي، ٢٠١٤،لاپەرە ١٢٦) بنەما و هۆکاری سەرەکی ئەو مۆڵەت پێدانە بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتیە و پەیوەندیداری بە باشترکردنی لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و پاراستنی تاکەکان.( العبسي، ٢٠٠٩، لاپەرە ٩١)

پێویستە لە هەموو ئەو حاڵەتانەی باسمان کرد لە بەرامبەر مۆڵەت پێدانی ناچاری قەرەبوویەکی دادپەروەران بدرێتە خاوەنەکەی.

لە کۆتایی ئەم چاپتەرەدا دەتوانین بڵێن ئەو نەرمیەی کەوا دەقی لەسەر کراوە لە رێکەوتننامەی ترپس بە مەبەستی بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە مافە خاوەنداریەتیە هزریەکان بۆ دەستاوێژی داهێنان زۆربەی کات هیچ کاریگەریەکی نابێت، لەبەر ئەوە سەرەڕای ئەوەی رێکەوتننامەی ترپس بابەتی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ نهێنییە بازرگانیەکانی نە وروژاندووە، کەچی دەوڵەتان ئازادن لە جێبەجێکردنی هاوشێوەی ئەو حوکمانە لە یاسا نیشتیمانیەکانیان. بە جۆرێك وا پێویست دەکات گونجاندنێک بۆ ئەم بابەتە دروست بکرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە رێگەی گرتنەخۆی حوکمەکانی ئەو بابەتە لە رێکەوتننامەی ترپس.

بۆیە زۆر گرنگە یاسا دانەری عێراقی فراوانی بکات لە شیکردنەوە و سود وەرگرتن لەو ریزپەرانەی لە رێکەوتنامەی ترپس هاتوون بۆ خاوەنداریەتی هزری بەگشتی، وە نهێنییە بازرگانییەکانیش بە شێوەیەکی تایبەت هەروەک ئەو ریزپەرەی کەوا لە ماددەی (٣٩) برگەی (٣) دا هاتووە وە ئاشکرا کردنی نهێنی و زانیاریەکانی لە کاتی پێویستی بۆ پاراستنی خەڵک(جمهور) بە تایبەتی ئەوەی پەیوەنداره بە دەرمان و مەوادی کیمیایی، بۆیە پێویست وایە یاسادانەر هاوسەنگی بکات لە نێوان پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بۆ پاراستنی نهێنییە بازرگانییەکان لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی خەڵک، سەرەڕای ئەمەش وشەی پاراستنی خەڵک لە

ڕێکەوتننامەکە بە ڕەهایی هاتووە بۆیە گرنگە بەڕادەیەک سود لەو ریزپەڕە وەربگیرێت و ڕێگەبدرێت بە مۆڵەت پێدانی ناچاری بەکارهێنانی نهێنی بازرگانی بە جۆرێک تەواوی ئەو پاساوانەی کە باسمان لێوەکرد بگرێتە خۆ کە بەتەواوی گونجاون و گرنگن بۆ پاراستنی خەڵک، بەتایبەتیش لە کاتێکدا دا ڕێکەوتننامەکە هیچ دەقێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی تێدانییە کەوا ڕێگری بکات لە دەوڵەتانی ئەندام لە پەنابردنە بەر مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ بەکارهێنانی نهێنییە بازرگانییەکان.

ئێمە پێمان وایە هەروەک پێشتر ڕونمان کردنەوە کە چەندین مادده هەن دەکرێت پشتیان پێ ببەسترێت لە دەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ نهێنییە بازرگانییەکان بەتایبەتیش ماددەکانی (٧ و ٨) ڕێکەوتننامەکە کەوا دەسەڵاتی تەواو دەدەن بە دەوڵەتانی ئەندام لە گرتنەبەری هەر ڕێکار و ڕێوشوێنەک کەوا ببێتە هۆی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی ئابوری و کۆمەڵایەتی یاخود هەر ڕێکارێک کەوا پێویست بێت بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی و پاراستنی ئاسایشی خۆراک و بەرژەوەندی گشتی، سەرەڕای ئەمەش دەکرێت پشت ببەسترێت بە ماددەی (٣١) ڕێکەوتنامەکە کەوا بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ ڕێگا دەدات بە دەرکردنی مۆڵەتی ناچاری لە دەستاوێژی داهێنان، کەوا هۆکار و پاڵنەری پشت ڕێگەدانەکە تاڕادەیەکی زۆر گونجاون لەگەڵ مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ نهێنییە بازرگانییەکانیش.

## 4. کۆتایی

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بە چەندین دەرئەنجام وراسپاردە بەم شێوەی خوارەوە دەیان خەینەڕوو:

### 1.4 دەرئەنجامەکان

- نهێنییە بازرگانییەکان تایبەتمەندی تایبەتی هەیە و ئەحکامەکانی جیاوازن بەراورد بەمافەکانی تری خاوەندارێتی هزری وەک (دەستاوێژی داهێنان، ڕسوم، نمونەی پیشەسازی، ناونیشانی بازرگانی)، بەجۆرێک نهێنییە بازرگانییەکان پێویستیان بە ڕێکار و ڕێوشوێنی دیاریکراو نییە تاوەکو جێگیربێت بۆ خاوەنەکەی، ئەوەش نهێنییە بازرگانییەکان جیادەکاتەوە لە مافەکانی تری خاوەندریەتی هزری کە پێویستیان بە ڕێکار و ڕێوشوێنی شکلی دیاریکراو هەیە لە پێناو جێگیربوونی ماف بۆ خاوەنەکەی وە پاراستنیان، بۆیە خاوەنی نهێنی بازرگانی پاراستنی یاسای هەیە بۆ زانیارییەکان بە فەرهەمبوونی مەرجەکانی کە بریتین لە نهێنی بوونی زانیارییەکان، وە بەهای بازرگانی نهێنییەکە، وە گرتنەبەری ڕێوشوێن بۆ پاراستنی نهێنییەکە.
- مەبەستی سەرەکی لە سیستەمی یاسایی نهێنییە بازرگانییەکان لە ڕێکەوتننامەی تریپس و یاسای دەوڵەتان پاراستنی مافی خاوەنی نهێنییەکەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مافی کۆمەڵگا پارێزراو و ڕێزلێگیراوە بەو پێیەی کەوا مافی خاوەنی نهێنییەکە پیشەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەجۆرێک لە حاڵەتێک کە کۆمەڵگا نەتوانێت وەکو پێویست سود لە نهێنییە بازرگانییەکان وەربگرێت هۆکاری پاراستنی نامێنێت، بەوپێیەی هۆکاری پاراستنی بابەتەکانی خاوەنداریەتی هزری بەکارهێنانیەتی لەلایەن خاوەنەکەی و سودمەندبوونی گۆمەڵگایە، بۆیە بە سودمەندنەبوونی کۆمەڵگا سەرەنجام لەوانەیە کارەکە پاراستنی تەواوەتی لەدەست بدات، ئەگەر بێتو بەکارهێنەران بتوانن بابەتەکانی خاوەنداریەتی هزری بەکاربهێنن بەبێ مۆڵەتی خاوەنەکەی، چونکە لەم حاڵەتە بۆ گێڕانەوەی پاراستنی کارەکان پێویستە لە ڕێی میکانیزمی مۆڵەت پێدانی ناچاری کارەکە بەردەست بێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگە سودی لێوەربگرێت.
- نەبوونی میکانیزمی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ نهێنیە بازرگانییەکان هاوشێوەی دەستاوێژی داهێنان، هۆکارێکی ڕێگا خۆشکەربووە کە زۆرێک لە کۆمپانیاکان بە تایبەتی کۆمپانیاکانی دەرمانسازی بە ئامانجی خۆپاراستن لە ملکەچی بۆ مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ دەستاوێژی داهێنا پشت بەستن بە نهێنییە بازرگانییەکان.
- مۆڵەت پێدانی ناچاری سزایەکی کرداری نیە بەڵکو ئامرازێکی دروست کردنی پاڵە پەستۆیە لەسەر خاوەن ماف لە پێناو بەکارهێنانی مافە پارێزراوەکەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگای پێدانی مۆڵەتی بەکارهێنانی ئارەزوومەندانە.
- ئەگەرچی میکانیزمی مۆڵەت پێدانی ناچاری بەردەست لە ئێستادا بەپێی ڕێکەوتننامەی تریپس ماددەی (٣١) وە بەهەمان شێوە ماددەی (٢٧) لە یاسایی دەستاوێژ و نمونەی پیشەسازی عێراقی و هەندێك بڕیاری دادگای ئەمریکی بریتییە لە مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ دەستاوێژی داهێنان، بەڵام

ئەم میکانیزمە بە تەنها ڕەنگە بەسود بێت بۆ باشترکردن و گەیشتن بە بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی خەڵک لە هەندێک بوار، بەڵام ئەم میکانیزمە بەتەنها بەس نیە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بەتایبەتیش کە لە هەندێک حاڵەت پەیوەندیدارە بە مەوادی بایۆلۆجی کە خۆی لە نهێنی بوونی مەواد و شلەکان دەبینێتەوە، بەجۆرێک لە چوارچێوەی نهێنی بازرگانیدا پارێزراون کە میکانیزمی مۆڵەت پێدانی ناچاری تێیدا بەردەست نیە تاوەکو ئێستا. بۆیە لەو لۆجیکەوە کە خاوەنی ماف هاوبەشە لەگەڵ کۆمەڵگا، وە لە پێناو سود وەرگرتن لە سیستەمی مۆڵەت پێدانی ناچاری پێویستە لەسەر دەوڵەتان کە مۆڵەت پێدانی ناچاری دوولایەنە دەربکەن کەوا بەتەنها دەستاوێژی داهێنان نەگرێتەوە بەڵکو نهێنی بازرگانیش بگرێتەوە.

- ئەو پاراستنە یاساییەی بۆ نهێنییە بازرگانییەکان هەیە بۆ ئەوە نیە ڕێگری بکرێت لە کۆمەڵگا لە سود وەرگرتن لەو داتا و زانیارییانە، چونکە بە گەڕانەوە بۆ ئەحکام و پرەنسیپەکانی ڕێکەوتننامەی تریپس کە لە ماددەی (٧)ی ڕێکەوتننامەکە باس لەوە دەکات کە پاراستن و جێبەجێ بوونی خاوەندارێتی هزری لە هاندانی گیانی داهێنان بە جۆرێک بێت کەوا بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان خاوەن ماف و بەکارهێنەران بپارێزێت وە بە شێوازێک بێت کەوا ببێتە هۆی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابوری، بەهەمان شێوە لە ماددەی (٨)ی ڕێکەوتننامەکە جەخت لە ئازادی دەوڵەتان دەکاتەوە لە هەموارکردنی یاسا و ڕێساکانیان، لە گرتنەبەری ڕێوشوێنیان بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی و ماددە خۆراکیەکان و خزمەتی بەرژەوەندی گشتی لەو کەرتانەدا کەوا گرنگیان هەیە لە زیندوو هێشتنەوەی گەشەسەندنی ئابووری کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژیا، لێرەدا دەردەکەوێت کە مەبەستی سەرەکی لەو پاراستنە یاساییە بۆ نهێنییە بازرگانیەکان بەکارهێنان و هاندانی گیانی نوێگەریە، لە ئەنجامیدا سودمەندبوون و بەدیهێنانی بەرژەوەندی کۆمەڵگایە، بۆیە بەپێی ئەو ماددانەی ئاماژەمان پێدان بۆمان دەردەکەوێت نەک تەنها هیچ ڕێگریەک نیە بۆ دەرکردنی مۆڵەتی ناچاری لە نهێنییە بازرگانییەکان بۆ پاراستنی تەندروستی خەڵک و ئاسایشی ماددە خۆراکیەکان و بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابوری، بەڵکو پرەنسیپەکانی ڕێکەوتننامەکە دەکرێت ببنە بنەما و ئەساسێک بۆ دەرکردن و ڕێکخستنی مۆڵەت پێدانی ناچاری لە نهێنییە بازرگانییەکان.

- لە ڕێکەوتننامەکانی پاریس و تریپس هیچ ڕێگریەک نییە لەسەر ڕێکخستنی یاسایی بۆ مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنییە بازرگانییەکان لە یاسایە نیشتیمانییەکان، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەم دوو ڕێکەوتننامەیە بێدەنگ بوون و هیچ دەقێکیان نەکردووە لەسەر ڕێگەدان و ڕێگری کردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنییە بازرگانیەکان، بەمانایەکی تر ئەگەرچی هیچ میکانزمێکی یەکسان نییە لە یاساکانی خاوەندارێتی هزری بۆ مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنیە بازرگانییەکان هاوشێوەی میکانیزمی مۆڵەت پێدانی ناچاری دەستاوێژی داهێنان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ڕێگریەک نییە لە ڕێکخستن و ڕێگەدانی دەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری لە یاسا نیشتیمانیەکان لە حاڵەتی پێویستی بۆ هێنانەدی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندی خاوەن نهێنییە بازرگانییەکان و بەرژەوەندی کۆمەڵگا، چونکە ئەگەر نیەتێک هەبوایە بۆ ڕێگریکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنییە بازرگانییەکان لەو ڕێکەوتنامانەی ئاماژەمان پێدان ئەوا وەکو هێما بازرگانییەکان باسی لێوەدەکرا کە لە ماددە (٢١)ی ڕێکەوتننامەی تریپس ڕێگری لە مۆڵەت پێدانی ناچاری هێما بازرگانییەکان کردووە.

- مۆڵەت پێدانی ناچاری لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخە پێویست و تەنگەتاوەکان لەسەر ئەو بنەمایە دەردەچێت کە دەوڵەت لەپێناو پاراستنی هاوڵاتییەکانی مافی ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخە تەنگەتاوەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیەکانی هەیە، وە ئەو بارودۆخەش پێویستی بە ڕێکاری خێرا هەیە بۆ چارەسەرکردن و بەرەنگاربوونەوەی، بەجۆرێک ئەم حاڵەتە ڕەوایەتی خۆی لەو بارودۆخە تەنگەتاو و تایبەتە وەردەگرێت بەو پێیەی پێویستی بە ئامراز و میکانیزمی تایبەت هەیە بەهۆی هەبوونی پێویستیەکی ناچاری، هەروەها لەسەر ئەو بنەمایەی لابردنی زیانێک باشترە لە هێنانەدی سودێک بۆیە لە هاوسەنگی نێوان خاوەنانی نهێنی بازرگانی لە بەرامبەر بەرژەوەندی گشتی عادەتەن بەرژەوەندی گشتی پێش بەرژەوەندی خاوەنی نهێنییەکە دەخرێت.

**2.4 ڕاسپاردە و پێشنیارەکان**

- ئەم توێژینەوەیە پێشنیاری ئەوە دەکات لە بواری خاوەندارێتی هزری هاوشانی مۆڵەت پێدانی ناچاری بۆ دەستاوێژی داهێنان میکانیزمێکی نوێ زیاد بکرێت ئەویش مۆڵەت پێدانی ناچاریە لە نهێنییە بازرگانییەکان، بەجۆرێک ئەو مۆڵەت پێدان و میکانیزمە نوێیە ناکۆک نابێت لەگەڵ رێکەوتننامەی تریپس، بەو پێیەی رێکەوتننامەکە لە لایەکەوە بەراشکاوی مۆڵەت پێدانی ناچاری لە نهێنییە بازرگانییەکان قەدەغە ناکات وە لە لایەکی تریشەوە دەق دەکات لەسەر ئەوەی کەوا پرەنسیپەکانی رێکەوتننامەکە بەشێوەیەک لێکبدرێنەوە کە پشتگیری مافەکانی دەوڵەتانی ئەندام بکات لە پاراستنی تەندروستی گشتی و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، بەجۆرێک بەبێ ئەو میکانیزمە نوێیەی مۆڵەت پێدان ناتواندرێت ئەو ئەرمیانەی لە رێکەوتننامەی تریپس هاتوون سودیان لێوەربگیرێت، بۆیە ئەم توێژینەوەیە پێشنیار دەکات مۆڵەت پێدانی ناچاری لە نهێنییە بازرگانییەکان بەشێوەیەکی راشکاوانە ئاماژەی پێبدرێت لە رێکەوتننامە و یاساکانی خاوەندارێتی هزری.
- راسپاردەمان وایە یاسا دانەری عێراق هەلسێت بە هەمووارکردنەوەی(قانون براءة الاختراع والنماذج الصناعية والمعلومات غير المفصح عنها والدوائر المتكاملة والأصناف النباتية العراقي رقم ٦٥ لسنة ١٩٧٠ المعدل بموجب امر سلطة لائتلاف(المنحلة) رقم ٨١ لسنة ٢٠٠٤ )، بەجۆرێک تێیدا هەڵسێت بە رێکخستنی مۆڵەت پێدانی ناچاری نهێنییە بازرگانییەکان، وە بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا رێگەبدات بە دەرکردنی مۆڵەت پێدانی ناچاری لە نهێنییە بازرگانییەکان لە پێناو هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی خەلک.

## 5. سەرچاوەکان

### 1.5 سەرچاوەکان بە زمانی عربی

#### 1.1.5 کتێبەکان


1. ازاد شكور صالح، (٢٠٠٩).القيود و الاستثناءات الواردة على حقوق الملكية الفكرية.اربيل:منشورات مركز أبحاث القانون المقارن.
2. جورج نبيل ميشيل جرجس، (٢٠١٦). الترخيص الاجباري باستغلال براءة الاختراع. مصر –القاهرة: دار النهضة العربية.
3. حسام الدين الصغير، (١٩٩٩).أسس ومبادئ اتفاقية الجوانب المتصلة بالتجارة من حقوق الملكية الفكرية(الطبعة الاولى). مصر: دار النهضة العربية.
4. حسام الدين عبدالغني الصغير، (١٩٩٩). اسس و مباديء اتفاقية الجوانب المتصلة بالتجارة في الحقوق الملكية الفكرية. القاهرة: دار النهضة.
5. حميد محمد على اللهبي، (٢٠١٦).الحماية القانونية لحقوق الملكية الفكرية. مصر: قاهرة.
6. دانا حمه باقى عبدالقادر، (٢٠١٠).حقوق الملكية الفكرية ذات صلة بالاصناف النباتية الجديدة والمنتجات الدوائية. سليمانية: مديرية الطبع والنشر.
7. سميحة القليوبي، (٢٠١٦). الملكية الصناعية. المصر- القاهرة: دار النهضة العربية.
8. عبدالرحيم عنتر عبدالرحمن، (٢٠١٤).المنافسة في ظل اتفاقية التريبس و أثرها على المعلومات غير المفصح عنها. مصر: مركز الدراسات العربية.
9. عبدالرحيم عنتر عبدالرحمن، (٢٠١٥).التنظيم القانوني للصناعات الدوائية على ضوء اتفاقية التريبس. مصر: مركز الدراسات العربية.
10. عبدالفتاح بيومى حجازى، (بدون سنة).الملكية الصناعية. الاسكندرية: دار الفكر الجامعي.
11. محمة الجيلالي، (٢٠١٥).براءة الاختراع خصائصها و حمايتها. بيروت: منشورات زين الحقوقية.
12. محمة الجيلالي، (٢٠١٥).براءة الاختراع خصائصها و حمايتها. بيروت: منشورات زين الحقوقية.
13. عصام مالك احمد العبسي، (٢٠٠٩)الترخيص الاجباري لاستغلال براءة الاختراع. مصر –القاهرة: دار النهضة العربية.
14. عمر كامل السواعده، (٢٠٠٨).الاساس القانوني لحماية الاسرار التجارية. عمان: دار الحامد.
15. نجدت صبري ئاكرەیي، (٢٠٠٩).الاطار القانوني للامن القومي. أربيل: مطبعة زانكو.
16. نيفين حسين كرارة، (٢٠١٤).التزام المخترع بالافصاح عن سر الاختراع.القاهرة: دار النهضة العربية.
17. وليد علي ماهر، (٢٠١٨). عقود الفرنشايز(الطبعة الاولى).مصر: مركز الدراسات العربية.


#### 2.1.5 نامەکانی ماستەر ودکتۆرا


18. أعمر سعاد. (٢٠١٥). "النظام القانوني للمعلومات غير المفصح عنها في اتفاقية تريبس"،رسالة ماجستر، جامعة زيان العاشور الجلفة، الجزائر.
19. حمادي زوبير. (٢٠١٨). "حماية الملكية الصناعية في القانون الجزائري"،اطروحة الدكتوره، جامعة مولود معمري، تيزي وزو، الجزائر.
20. رماء خالد جوده. (٢٠١٧). "تأثير قوانين الملكية الفكرية الصناعية على الصناعات الدوائية"،رسالة ماجستر، جامعة النجاح الوطنية، فلسطين.
21. فارس مصطفى محمد المجالي. (٢٠٠٨). "حماية المعلومات غير المفصح عنها في قوانين الملكية الفكرية"،أطروحة الدكتورا، جامعة عين شمس، مصر.


#### 3.1.5 دستور و یاساکان


22. دستور العراقي سنة ٢٠٠٥.
23. قانون براءة الاختراع والنماذج الصناعية والمعلومات غير المفصح عنها والدوائر المتكاملة والأصناف النباتية العراقي رقم ٦٥ لسنة ١٩٧٠ المعدل بموجب امر سلطة الأئتلاف المؤقتة، الفصل الثالث(مكرر الثانى) المادة ١، اضيف هذا الفصل بموجب امر سلطة لائتلاف(المنحلة) رقم ٨١ لسنة ٢٠٠٤.
24. قانون الاثبات العراقي رقم ١٠٧ لسنة ١٩٧٩.
25. قانون الموحد للأسرار التجارية الأمريكية الصادر عام ١٩٧٩ و المعدل عام ١٩٨٥.
26. قانون الصحة العامة الرقم ٨٩ لسنة ١٩٨١.
27. قانون المنافسة غير المشروعة والأسرار التجارية الأردني رقم ١٥ لسنة ٢٠٠٠.
28. قانون حماية الملكية الفكرية المصرى رقم ٨٢ لسنه ٢٠٠٢.

29. نظام براءات الاختراع والتصميمات التخطيطية للدارات المتكاملة والأصناف النباتية والنماذج الصناعية المملكة العربية السعودية، الرقم ٢٧ لسنة ٢٠٠٤.

30. قانون حماية اسرار التجارية من المنافسة غير المشروعة القطري رقم ٥ لسنة ٢٠٠٥ المعدل.

#### 4.1.5 ريكەوتنامە نێودەولەتيەكان

31. اتفاقية باريس لحماية الملكية الصناعية ١٨٨٣.

32. اتفاقية الجوانب المتصلة بالتجارة من حقوق الملكية الفكرية (تريبس) ١٩٤٨.

33. العهد الدولي الخاص بالحقوق الاقتصادية والاجتماعية و الثقافية المؤرخ في ١٦ ديسمبر ١٩٦٦ والذي بدأ نفاذه في ٣ يناير ١٩٧٦.

34. پاشكۆى پەيماننامەى بێرن ١٩٧٩.

35. اتفاقية التجارة الحرة لأمريكا الشمالية(NAFTA) سنة ١٩٩٢.

#### 5.1.5 گۆڤارى ئەكاديمى

36. سعيد بن يحي. (٢٠٢٠)."دور الترخيص الاجبارية في مواجهة الأوبئة "الكورونا" نموذجا". المجلة الجزائرية للحقوق و العلوم السياسية، ٥،١٦٤-١٨٢ .

37. قراش شريفة و عكروم عادل. (٢٠٢٠). "الترخيص الاجباري لاستغلال براءة لاختراع في الاتفاقيات الدولية وأثره على التشريع الجزائري". مجلة الاستاذ الباحث للدرسات القانونية والسياسية،٥، ٣٢٢-٣٤٤.

38. موفق نورالدين و خالف عقيلة. (٢٠٢٠). "حماية براءاة الاختراع البيولوجية و نقل الكنولوجيا". المجلة الاكاديمية للبحث القانوني،١١، ٣٦٥-٣٨٨.

#### 6.1.5 گۆڤارى ئەكاديمى ئۆنلاين

39. بن دريس سمية و فرحات حمو. (٢٠٢٠)."النظام القانوني للتراخيص الإجبارية في براءة الإختراع الدوائية وفق لأحكام إتفاقية التريبس".المجلة الجزائرية للعلوم القانونية، السياسية واالقتصادية، ٥٧، ١٢-٢٩. <https://www.asjp.cerist.dz/en/article/112013> بەرواری سەردانكردن ٢٠٢١/١١/٢٤.

40. زياد بن أحمد القرشي. (٢٠١٤). "الحماية القانونية للأسرار التجارية".مجلة الشريعة والقانون، ٦٠، ٤١٧-٤٩٩. <http://www.alhudabook.com/book/> بەرواری سەردانكردن 2021/5/١٠.

41. عبد الهادي محمد الغامدي.(٢٠١٩). "الترخيص الإجباري باستغلال الاختراع وفقا لنظام براءات الاختراع السعودي والقانون المقارن".مجلة جامعة الشارقة، ١٣، ٢٧٨-٣٠٩. <https://www.sharjah.ac.ae/ar/Research/spu/JournalSLS> بەرواری سەردانكردن 2021/5/17.

42. محمد شكرين و حكيم بوجطو. (٢٠٢١). "البلدان النامية في مواجهة الأزمات الصحية في ظل اتفاقية تريبس-حالة جائحة كوفيد-19".مجلة الاستراتيجية والتنمية. ١١،١٠١-١١٨. <https://www.asjp.cerist.dz/en/article/161865> بەرواری سەردانكرن ٢٠٢١/١٢/١٤.

43. محمد عبدالكريم عدلي. (٢٠٢١). "اشكالية تحقيق التوازن المفقود بين تفعيل حقوق البراءة الدوائية ومقتضيات تجسيد حق الإنسان في الصحة".مجلة الحقوق والعلوم الإنسانية، ١٤، ٢٩-٥٨. <https://www.asjp.cerist.dz/en/article/153023> بەرواری سەردانكردن ٢٠٢٢/٢/٢٠.

44. منى السيد عادل عبدالشافي عمار. (٢٠١٩). "المعلومات غير المفصح عنها كنظام بديل للبراءات وفقا لاتفاقية التريبس والقانونين المصري والفرنسي". مجلة الدراسات القانونية ، ٥، ٦-٧. <https://www.researchgate.net/publication/348028747> بەرواری سەردانكردن ٢٠٢١/١١/٩.

45. موسى مرمون. (٢٠٢٠). "الترخيص الاجبارى لاستخلال براءة الاختراع في القانون الجزائري". مجلة علوم الانسانية، ٣١، ٦٩٣-٧١٠. <http://revue.umc.edu.dz/index.php/h/article/view/3353> بەرواری سەردانكردن 2021/١١/17.

46. وليد بن لعامر و آمال بوهنتالة. (٢٠٢٠)."أثر اتفاقية تريبس في تعزيز نقل التكنولوجيا الدوائية إلى الدول النامية وفقا لإعلان الدوحة".مجلة الباحث للدراسات الأكاديمية، ٧. <https://www.asjp.cerist.dz/en/article> بەرواری سەردانكردن ٢٠٢١/١٢/١٧.

#### 7.1.5 پرۆدسينگى كۆنفرانس

47. حسام الدين الصغير. (٢٠٠٥). "الاجتماع المشترك بين الويبو وجامعة الدول العربية حول الملكية الفكرية لممثلي الصحافة والاعلام". ويبو، <https://www.wipo.int/edocs/mdocs/arab/ar/wipo>15 بەرواری سەردانكردن 2021/١١/15.

48. حسن البدراوى. (٢٠٠٧). "حلقة الويبو الوطنية التدريبية حول الملكية الفكرية لفائدة الدبلوماسيين".ويبو، <https://www.wipo.int/edocs/mdocs/arab/ar/wipo_ip_dipl_saa_07_4/> بەرواری سەردانكردن ٢٠٢١/١١/١٠.

### 2.5 سەرچاوەكان بە زمانى ئینگلیزى

#### 1.2.5 پەرتوكەكان

1. Manoj Kumar Sinha and Vandana Mahalwar. 2017. “Copyright Law in the Digital World: Challenges and Opportunities” India, Springer.
2. Robin Ramcharan. 2013. “International Intellectual Property Law and Human Security”. India, Springer, Asser Press.

#### 2.2.5 یاساكان

3. The USA Restatement of Torts 1939.
4. The USA Clean Air Act 1963.
5. The USA Uniform Trade Secret Act 1979 as amended in 1985.
6. An Act to amend the Patent and Trade Mark Laws of the USA 1985.

#### 3.2.5 كەیسەكان

7. Glaxo Inc. v. Novopharm LTD, 52 F.3 d 1043 (Fed. Cir.1995) .
8. Dawson Chemical Co. v. Rohm & Haas Co, (1980) 448 U.S. 176.
9. Sabatino Bianco, M.D. v. Globus Medical, 2:12 - cv - 00147 (E.D. Tex 2014).
10. Foster v. American Machine & Foundry Co, (1974) 492 F, 2d 1317.
11. Detroit Medical Center v. GEAC COMPUTER SYSTEMS, 103 F. Supp. 2d 1019 (E.D. Mich. 2000).

### 4.2.5 گۆڤاری ئەکادیمی


12. Hettinger Edwin C. (1989) “Justifying Intellectual Property” 18 [Justifying Intellectual Property] 31, 36.
13. Joseph A. Yossick. (2001) “Compulsory Patent Licensing for Efficient Use of Inventions” 5 [University of Illinois Law Review 1277].
14. McMahon, A. (2020). Patients, access to health and COVID 19 – the role of compulsory and government-sue licensing in Ireland.NI Legal Quarterly, 7, 331-338 .
15. Olga, G&John, H. (2021). Compulsory Licensing of Trade Secrets: Ensuring Access to COVID-19 Vaccines via Involuntary Technology Transfer.Journal of Intellectual Property Law & Practice, 16, 1242-1261.
16. Ren, G. (2020, September 25). Progress on COVID-19 Technology Pool Inches along as Sister Initiative to Pool Vaccine Procurement Accelerates.
17. Rowe, E. (2007). Saving Trade Secret Disclosures on the Internet through Sequential Preservation. Intellectual Property & Technology Forum at Boston College Law School, 42, 1-47.
18. Sariola S. (2021). Intellectual property rights need to be subverted to ensure global vaccine access. BMJ Global Health, 6, 1-3.
19. Wang, R. (2014). Ancillary Orders of Compulsory Licensing and Their Compatibility with the TRIPS Agreement. Marquette Intellectual Property Law Review, 1, 87-105.


### 5.2.5 سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان


20. Alvarado, S. (2020, July 27).Trade Secrets as a Response to Compulsory Licensing.Retrived from<https://www.mondaq.com/trade-secrets/968600/ trade-secrets-as-a-response-to-compulsory-licensing> accessed 18 /12/ 2021.
21. Bird & Bird. (2020). Q&A on the use of patented products and processes without authorisation of patent holder National compulsory licence laws.Retrived from <https://www.twobirds.com/~/media/pdfs> accessed20 /11/ 2021.
22. Levine, D. (2020, July 10). Covid-19 Trade Secrets and Information Access: An Overview. Retrivef from <http://infojustice.org/archives/42493> accessed10 /12/ 2021.
23. Medicines Law & Policy. (No date). Research and resources on intellectual property and health. Retrived from<https://medicineslawandpolicy.org/tools/> accessed 10 /1/ 2022.
24. OECD. (2020). Africa’s Response to COVID-19: What roles for trade, manufacturing and intellectual property?Retrived from<https://read.oecd-ilibrary.org/view/?ref=134_134617-5ewrwojglf&title=AFRICA-S-RESPONSE-TO-COVID-19-What-roles-for-trade-manufacturing-and-intellectual-property> accessed 3 /1/ 2022.
25. WHO. (2021, May 21). COVID-19 Technology Access Pool’ (WHO).Retrived from <https://www.who.int/initiatives/covid-19-technology-access-pool> accessed20 /11/ 2021.
26. WTO, WIPO&WHO. (2020). Promoting Access to Medical Technologies and Innovation Intersections between public health, intellectual property and trade (1st ed). Geneva: WTO, WIPO & WHO. Retrived from <https://www.wto.org/english/res_e/booksp_e/who-wipo-wto_2020_e.pdf> accessed6 /12/ 2021.
27. WTO. Overview: the TRIPS Agreement <https://www.wto.org/english/ tratop_e/trips_e/intel2_e.htm#:~:text > accessed8 /12/ 2021.
28. Public Citizen. (2020, December 8). Report: How Biden Can Shore Up Global, U.S. Production of COVID-19 Vaccines. Retrived from<https://www.citizen.org/news/report-how-biden-can-shore-up-global-u-s-production-of-covid-19-vaccines/> accessed8 /2/ 2021.